جەماوەری هەولێر بەڵێنی وەفاداری بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دووپات دەکەنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5730) دووشەممە 15ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



ڕۆژی شەممە 13ی نیسانی 2019 جەماوەری هەولێر لە چین و توێژ و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لە بارزانی لانەی شێران و لەسەر مەزاری باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفای بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد،بەڵێن و سۆزی وەفاداریان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دووپات کردەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک

ڕێگری لە چوونی ئەندامان بۆ ناو ئەنجوومەن کراوە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک گوتی، دوێنێ ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک وبستوویانە بچنە ئەنجوومەن، بەڵام بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک ڕێگریان لێ کراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵات لە کەرکووک سەربازییە و ئەنجوومەن هیچ ڕۆڵێکی نییە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێشنیازی بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە هەولێر دەکات



ئاوە زیادەکەی سەرڕێژی بەنداوی دوکان، بۆتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان

لەمیانی سەردانی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بۆ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کە بە بانگهێشتی فەرمی لەوڵاتەیەکگرتووەکانە، لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وەزیری ئەوقاف سیمینارێکی لەناو هۆڵی round table بابەتێکی پێش کەش کرد لەسەر بارودۆخی پێکەوە ژیانی ئایینەکان و ئەو ئاوارانەی رووبان لەهەرێمی کوردستان کردوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کۆمپانیای دانەغاز

بەنیازە ئاستی بەرهەمهێنانی لە هەرێمی کوردستان بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرز بکاتەوە

کۆمپانیای دانەغاز لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە مالپەڕی فەرمی خۆیەوە بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات، داهاتی کۆنسێرتیۆمی پێترۆلیۆم، لە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و غازی شلکراو لە هەرێمی کوردستان 112 ملیۆن دۆلار بووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لەسەرەتای ئەم مانگەوە رسومات و ڤیزە لەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەڵگیراوە

مورتەزا عەبادی سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر لە لاپەڕەی تایبەتی کونسوڵخانەکە ڕایگەیاندووە: ئەوان پابەندی ڕێککەوتنەکەیانن لەگەڵ عێراق و لە سەرەتای مانگی چوار پارە و روساماتی و ڤیزەیان لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵگرتووە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

سەروکا باژێرڤانیا پاریس سەرا کەمپا شاریا یا ئاوارەیان دا



خاتون (ئانیدال گوش) سەروکا باژێرڤانیا پاریس و(دومینیک ماس) کونسلێ فرەنسا ل کوردستانێ وشاندێ دگەلدا سەرا کەمپا شاریا دا وژلایێ اسماعیل محمد احمد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی پێشوازی لێ هاتە کرن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

چوار مووچەکەی پێشمەرگە ئامادەیە و بەیەکەوە خەرج دەکرێت

بڕیارە لەم هەفتەیە شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە بەمەبەستی ڕوونکاری لە ناردن و خەرجکردنی ئەوبڕە پارەی بەغدا بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی دەنێرێت لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری عێراق گفتوگۆ بکەن.

بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی ڕەزامەندی درا کە وەزارەتی بەرگری پارەکە کە هی چوار مانگە و بۆ هەر مانگێک شێست و هەشت ملیار دینارە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە خەرجبکرێت بەڵام وەزارەتی بەرگری پارەکەی بۆ وەزارەتی دارایی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی ئەوان پارەکە خەرجبکەن.

حەداد ئاماژەی بەوەشدا پارەکە ئامادەیە خەرجکراوە تەنیا ماوە بگاتە هەرێمی کوردستان.

لەکۆتاییشدا ڕایگەیاند: هەر هەمووی بەسەر یەکەوە دابەش دەکرێت.



سلێمانی.. تێکچوونی ڕێگاوبانەکان بەهۆی باران بارینی زۆرەوە

لەم هەفتەیەدا شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بەغدا دەکات

بڕیارە لەم هەفتەیەدا شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ بڕیاری خەرجکردنی چوار مووچەکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری عێراق بچنە بەغدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەرفەتێکی باشە بۆ زیادکردنی داهات

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە دەڵێت، نرخی نەوت بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا دەبێت و تا کۆتایی ساڵ لە 80 دۆلار کەمتر نابێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لە ئاست ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوودان

لەدەسەڵات لادانی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان لەژێر گوشاری خۆپیشاندەران لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە کە هەر لە ساڵی (1989)وە لە ڕێگای ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازییەوە جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتی کەوتە دەست، کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوایدا خۆیدا هێنا ، وا لەخوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەندێکیان. **(زیاتر لە ل13 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی و دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی نێودەوڵەتی دۆخی ئاوارە و پەنابەران تاوتوێ دەکەن

بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراقیش هەیە

دوێنێ یەکشەممە 2019/4/14 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لەگەڵ بەڕێز د. عەبدوللا ئەلمەعتووق سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی نێودەوڵەتی و شاندێکی یاوەری کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا دۆخی ئاوارە و پەنابەرانیان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکرد و تیشکیان خستە سەر پێداویستییەکانیان و جەختیان لە پێویستیی هاوکاریکردنی زیاتری ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان لەلایەن دەزگە و دامەزراوە خێرخوازییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، کردەوە.

بەڕێز ئەلمەعتووق باسی لە دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان و بەسەرکردنەوەی ئاوارە و پەنابەران کرد و دووپاتیکردەوە کە دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی کوێتیش کۆمەک و هاوکاری پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران دەکەن و لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکانیشدا دەنگ و پێویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە روون دەکاتەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی هاوکارییەکانی دەستە و دەوڵەتی کوێتی کرد و جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراقیش هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریی ئاوارە و پەنابەران بکەن بەتایبەتیش لەڕووی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی و چارەسەریی دەروونییەوە.

تاوتوێکردنی دۆخی مرۆیی مووسڵ و کێشە و گرفتەکانی بەردەم کارە خێرخوازییەکان لە ناوچەکە، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



مەسرور بارزانی لەگەڵ شاندێکی دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی تاوتوێی فریاگوزارییە مرۆییەکان دەکات

هەرێمی کوردستان باوەشی بۆ ئاوارەکان کردەوە و ئەوەی لە توانایدابوو بێ جیاوازی پێشکەشیکردن

دوێنێ یەکشەممە 2019/4/14 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە د.عەبدوللا ئەلمەعتووق سەرۆکی دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، کە کونسوڵی گشتی دەوڵەتی کوێت ئامادەبوو، سەرۆکی دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی، وێڕای سوپاسکردنی هەرێمی کوردستان بۆ لە باوەشگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پانابەرانی ناوخۆ و دەرەوە. پوختەیەکی لەبارەی یارمەتییە فریاگوزارییەکانی دەستەکە لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو، کە بەهاوکاری دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەسەر ئاوارە و پەنابەرەکانی ناو کەمپەکانیان دابەش کردووەو رایگەیاند، دەستەکەیان خزمەتگوزاری پێشکەشی ئەوانە دەکات، کە پێویستیانە، بەتایبەتی منداڵانی بێ باوک و خانەوادە بێ سەرپەرشتەکان بۆ ئەوەی لە قۆناغی پێویستییەوە بەرەو قۆناغی بەرهەمهێنان بچن. لەبەرامبەردا مەسرور بارزانی ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەموو ئاسانکارییەک لە هەر کارێکی خێرخوازی دەربڕی و رۆڵی دەستەی خێرخوازیی ئیسلامیی جیهانی لە دابینکردنی فریاگوزارییە مرۆییەکان بەرز نرخاند و رایگەیاند، هەرێمی کوردستان سەرباری ئەو بارگرانییەی بەهۆی بڕینی بودجە و شەڕی داعش لەسەری بوو، بەڵام باوەشی بۆ ئاوارەکان کردەوە و ئەوەی لە توانایدا هەبوو بێ جیاوازی پێشکەشی کردن. میکانیزمەکانی پەلەکردن لە پێشکەشکردن و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاکانی ژیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان و دەزگا خێرخوازییە جیهانییەکان بۆ کەمپەکانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک ڕێگری لە چوونی ئەندامان بۆ ناو ئەنجوومەن کراوە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک گوتی، دوێنێ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ویستوویانە بچنە ئەنجومەن، بەڵام بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک ڕێگرییان لێ کراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵات لە کەرکووک سەربازییە و ئەنجومەن هیچ ڕۆڵێکی نییە.

عەدنان کەرکووکی، ئەندامی ئەنجومەنی سەکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کەرکووک_گەرمیان ڕایگەیاند: "دوێنێ لە شاری کەرکووک ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ویستوویانە بچنە ناو ئەنجومەن بۆ دەوامکردن، بەڵام بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک ڕێگرییان لێ کراوە و هێزە ئەمنییەکان نەیانهێشتووە بچنە ناو ئەنجومەن، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە پارێزگار بودجەی پارێزگای بە ئارەزووی خۆی دارشتووە و ئەنجومەنیش ڕەتی کردووەتەوە."

عەدنان کەرکووکی گوتیشی: "ئەو ڕێگریکردنە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە کەرکووک دەسەڵات سەربازییە و ئەنجومەن هیچ ڕۆڵێکی نییە، ئەگەر نا، پارێزگارێکی بەوەکالەت مافی ئەوەی نییە ڕێگری لە نوێنەری شەرعیی پارێزگا بکات کە ئەنجومەنە، هەربۆیەش ئێمە بەردەوام جەخت لەوە دەکەینەوە تا دۆخی کەرکووک ئاسایی نەبێتەوە، ناگەڕێینەوە بۆ کەرکووک."

لەم هەفتەیەدا شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بەغدا دەکات

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لەبارەی ناردنی پارەی چوار مووچەکەی هێزی پێشمەرگەوە زانیاری خستەڕوو. د. بەشیر خەلیل حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ڕەزامەندی درا کە پارەی چوار مانگی هێزەکانی پێشمەرگە کە بۆ هەر مانگێک 68ملیار دینارە خەرج بکرێت، بەڵام وەزارەتی بەرگری پارەکەی بۆ وەزارەتی دارایی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی ئەوان پارەکە خەرج بکەن. حەداد ئەوەشی بۆ مالپەڕی (کوردستان تیڤی) خستووەتە ڕوو، کە بڕی پارەکە ئامادەیە و خەرجکراوە تەنیا ماوە بگاتە هەرێمی کوردستان. بڕیارە لەم هەفتەیەدا شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ بڕیاری خەرجکردنی چوار مووچەکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری عێراق بچنە بەغدا.

داواکاری بۆ نەوت زۆر بووە و نرخەکەشی گران بووە

د. بێوار خنسی: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەرفەتێکی باشە بۆ زیادکردنی داهات



ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە دەڵێت، نرخی نەوت بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا دەبێت و تا کۆتایی ساڵ لە 80دۆلار کەمتر نابێت، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ هەرێمی کوردستان بەرهەم و داهاتی نەوتی خۆی زیاد بکات.

د.بێوار خنسی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بە هۆی دروستبوونی ئالۆزی لەو ولاتانەی نەوت دەفرۆشن وەکو ئێران و نیجیریا و ڤەنزوێلا و لیبیا، بەردەوام نرخی نەوت لە بەرزبوونەوەدایە، جگە لەوەش هەڕەشە لەسەر هەناردەکردنی نەوت هەیە، ئەوەش وای کردووە گەیشتنی نەوت بە ولاتان دوا بکەوێت، بۆیە داواکاری بۆ نەوت زۆر بووە و نرخەکەشی گران بووە، ئەگەر بەو شێوەیەش بەردەوام بێت، نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە.

خنسی گوتیشی: تاوەکو دۆخی ئەمنیی ئەو ولاتانە بەو جۆرە بێت، نرخی نەوت لە 80 دۆلار کەمتر نابێت و تاوەکو کۆتایی ساڵیش بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، چونکە هەموو پێشبینییەکان دەربڕیوە لەوەی کە نرخی نەوت زۆر بەرز دەبێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستانە و داهاتی ئەوان لە نەوت زیاد دەبێت.

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری وزە باسی لەوەش کرد، 90%ی داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر نەوتە، بۆیە بە گرانبوونی نرخی نەوت، داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر زیاد دەکات، چونکە بودجەی ئەمسالّی عێراق لەسەر 56 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک داناوە و ئێستاش نرخی نەوت بووەتە 71 دۆلار و بەردەوامیش لە بەرزبوونەوەدایە. خنسی دەشڵێ: ئەو بەرزبوونەوەیەی نرخی نەوت، وا دەکات دەرفەتێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان بڕەخسێت بۆ ئەوەی بتوانێ داهاتی نەوت زیاتر بکات، چونکە توانای زیاتریان دەبێت ئەگەر نرخی نەوت بەرز بێت.

ئەیاد عەللاوی داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەکات

بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی عێراق دەبێتە وڵاتێکی مەدەنی

سەرۆکی ئیتیلافی وەتەنییە، ئەیاد عەللاوی داوای کرد کە حەشدی شەعبی هەڵبوەشێندرێتەوە و ڕایگەیاند کە بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، عێراق دەبێتە وڵاتێکی مەدەنی. ئەیاد عەللاوی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: دوای ئەو سەرکەوتنەی کە دژبە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش تۆمارکراوە و سەرجەم ناوچەکانیش کۆنترۆڵکرانەوە، ئەرکی حەشدی شەعبی لە عێراق کۆتایی هاتووە. سەرۆکی ئیتیلافی وەتەنییە پێشنیازیکردووە هەر چەکدارێکی حەشدی شەعبی کە توانای هەیە، بچێتە ناو ریزەکانی سوپا یان پۆلیسی فیدراڵ یان پۆلیسی ناوخۆ و داواشیکردووە کە گرنگە توانای سوپا بەهێزتر بکرێت بۆ ئەوەی ئاسایشی وڵات پتەوتر بێت. سەرۆکی ئیتیلافی وەتەنییە، ئەیاد عەللاوی هەروەها گوتوویەتی: بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، عێراق دەبێتە وڵاتێکی مەدەنی.

کۆمپانیای دانەغاز بەنیازە ئاستی بەرهەمهێنانی لە هەرێمی کوردستان بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرز بکاتەوە

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

کۆمپانیای دانەغاز لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە مالپەڕی فەرمی خۆیەوە بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بەوەدەکات، داهاتی کۆنسێرتیۆمی پێترۆلیۆم، لە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و غازی شلکراو لە هەرێمی کوردستان 112 ملیۆن دۆلار بووە.

ئاماژە بەوەشکراوە، بەو پێیەی کە کۆمپانیای دانە غاز لە 39%ی پشکەکانی پێرل پێترۆلیۆمی هەیە، پشکی کۆمپانیاکە لە فرۆشتنی غازی سروشتی و گازی شلکراو لە چارەکی یەکەمی ئەمسالدا 39 ملیۆن دۆلارە. هەر بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، داهاتی کۆمپانیای دانە غاز لە چارەکی یەکەمی ئەمسالدا بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو، لەسەدا 117 زیادی کردووە.

ئەمە لەکاتێکدایە، لە مانگی شوباتی ئەمسالدا کۆنسێرتیۆمی پێرل پێترۆلیۆم، لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی بیست ساڵی واژۆکرد بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی بە بڕی دوو سەد و پەنجا ملیۆن پێی سێجا لە ڕۆژێکدا.

کۆنسێرتۆمەکە بەنیازە ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی تاوەکو ساڵی 2022 بۆ ڕۆژانە 900 ملیۆن پێی سێجا بەرزبکاتەوە.

مەراسیمی 31 ساڵەی ئەنفال لە مەزاری ئەنفالکراوان بەڕێوەچوو



خەبات/سەبریە یوسف:

دوێنێ لەمەزاری ئەنفالکراوان لە گوندی دێبنەی سەر بە شارەدێی رزگاری سەر بە شاروچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان مەراسیمی 31 ساڵەی ئەنفال لەمەزاری ئەنفالکراوان بەڕێوەچوو ، کە بە خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

شوان محەمەد ، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی داکۆکی لەماف و قوربانیانی ئەنفال، لە وتارێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد : هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان و بەدادگا گەیاندنی جاش و موستەشارەکان داواکاری سەرەکی ئێمەیە. لای خۆشیەوە بەشیر حەداد ، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەخەباتی ڕاگەیاند" ئامادەبوونی ئەوان وەک نوێنەری پەرلەمانی عێراق ئەوە دەگەیەنێ کە چیتر بە جێماوانی ئەنفال و دۆزی ئەنفال بەتەنیا نین.

لە گووتەیەکیشدا ،سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، ئەوەی خستەڕوو" ئەوەی لەتونای ئەواندا بێ بۆ دابەشکردنی زەوی و باشکردنی ژیانیان دڕێغیان نەکردوە ، داواکانی تری بەجێماوانی ئەنفال لەتونای حکوومەتی ناوەند و هەرێمە جێ بەجێیان بکەن.

لای خۆشیەوە فوئاد عوسمان، وتەبێژی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ خەبات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد " وەک وەزارەتی شەهیدان و ئەفالکراوان هەماهەنگی باشیان هەیە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەزگای شەهیدی میحراب لە عێراق .

ووتیشی" هەوڵ دەدەین بە زووترین کات ڕووفاتی ئەنفالکراوان بهێنینەوە . دواتر تاجەگوڵینەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان لەسەر مەزاری ئەنفالکراوان دانرا .

لێژنەیەکی شەش کەسی بۆ قەرەبووی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوان پێکهێندراوە

د. بەشیر حەداد: میکانیزمی زامنکردنی ئازادی و مانەوەمان یەکڕیزیی نەتەوەیی و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی کوردستانە



جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە وتاری سالّوەگەڕی ئەنفالدا لە گەرمیان ڕایگەیاند: میکانیزمی زامنکردنی ئازادی و مانەوەمان، یەکڕیزی نەتەوەیی و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی کوردستانە نە شتی دیکە. لێرەوە داوا لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم ئەو یەکڕیزییە بپارێزن بۆ ئەوەی پارێزەری خوێنی قوربانیانی کوردستانیان بین.

دوێنێ یەکشەممە 14ی4ی2019 شاندێکی پەرلەمانی عێراق بەسەرۆکایەتی دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشداری سالّوەگەڕی ئەنفالیان لە گەرمیان کرد.

لەو یادەدا حەداد گوتارێکی پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا حەداد، ئاماژەی بەو کارە دڕندانەی ڕژێمی بەعس کرد کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدراوە و ئەو بێدەنگییەی جیهانی ئازاد و دەوڵەتانی ئیسلامی نشین لە ئاست ئەم تاوانە مرۆییەدا.

هەر دوێنێ لە ساڵیادی قوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان، بەشیر حەداد، تەئکیدی لەسەر قەرەبووی کەسوکاری ئەنفالکراوان کردەوە ڕایگەیاند: ئێمە لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق و فراکسیۆنە کوردییەکان و بەتایبەتی لە لێژنەی شەهیدان و قوربانیان کاری جیدی لەسەر قەرەبووی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە دەکەین. گوتیشی: بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی شەش کەسی بۆ قەرەبووی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوان پێکهێنداوە کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقین، ئەم لێژنەیە بۆ بەدواداچوونی کەیسی ئەنفال لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر خەتین بۆ هاوتاکردنی مووچە و گشت شایستە داراییەکان و دروستکردنی بیمەی تەندروستی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێشنیازی بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە هەولێر دەکات



لەمیانی سەردانی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بۆ وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کە بە بانگهێشتی فەرمی لەوڵاتەیەکگرتووەکانە، لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وەزیری ئەوقاف سیمینارێکی لەناو هۆڵی round table بابەتێکی پێش کەش کرد لەسەر بارودۆخی پێکەوە ژیانی ئایینەکان و ئەو ئاوارانەی ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردوە.

هەر لەبابەتەکەیدا وەزیری ئەوقاف ئاماژەی بەیاساکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بەپێکەوەژیان و پڕۆگرامەکانی خوێندن و هەوڵدان بۆ چاکسازی کردن لەو بوارەدا پێشکەش کرد. ئەمە وێرای هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێم بۆ خزمەت کردنی بەردەوامی لێ قەوماوانی ناوچەکە. ئەم دیدارە بەسەرپەرستی (سەفیر سام) بالۆیزی ئەمەریکا بۆ پێکەوە ژیانی ئایینی کەمە نەتەوەیەکان بوو کەناوبراو لە گوتەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەی کە ئەمریکا بەردەوام هەوڵی بەهێز کردنی پێکەوەژیانی لە هەرێمی کوردستانی بەئۆنەیەکی جوان پێناسە کرد، سەفیر سام بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا پێشنیاری بەستنی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و لەشاری هەولێر کرد کەتایبەت بێت بە لێبوردەیی و پێکەوەژیان. بۆ ئەم مەبەستە وەزیری ئەوقاف ئامادەیی وەزارەتەکەی نیشاندا و خۆشحالی خۆی دەربڕی بەئەنجامدانی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی لەسەر پێکەوەیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی لەکوردستان.

31 ساڵ بەسەر ئەنفالی گەرمیاندا تێدەپەڕێت

دەزگای خێرخوازیی بارزانی: بەجدی کار بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکەین



دوای تێپەڕبوونی 31 ساڵ بەسەر ئەنفالە بەدناوەکەی دەڤەری گەرمیان کە بەهۆیەوە بەسەدان هەزار خێزانی سیڤیلی ناوچەکە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە زیندەبەچاڵکران. دەزگای خێرخوازیی بارزانی وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی بۆ قوربانیانی ئەنفال و خێزانەکانیان، هاوکات ڕایدەگەیەنێت بە هاوکاری لەگەڵ بەرپرسانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری عێراق لە پەیوەندی بەردەوامدان بەمەبەستی گەڕان و پشکنینی زیاتری ئەو ناوچانە لەپێناو دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و گەڕاندنەوەی ڕووفاتی ئەنفال کراوان.

لەم یاددا، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ کەمکردنەوەی مەینەتیەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان، تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەمیشە پاڵپشت و دڵنەواییکاری کەسوکاری بەجێماوی قوربانیانی ئەنفال دەبێت، لە ڕێککەوتی (2019/3/12) شاندێکی ئیداری پارێزگای موسەننا بەسەرۆکایەتی (ئەحمەد مەنفی) سەردانی کوردستانیان کرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆبوونەوە و لەدیدارەکەدا سەرۆک بارزانی داوای لەشاندی میوان کرد کە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە پرۆسەی گەڕان و پشکنین بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەسنووری پارێزگای موسەننا بکەن و دواتر شاندی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و پارێزگاری شارەکە ڕێککەوتن بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەسنووری ئەو پارێزگایە، لە ئەنجامی گەڕانەکاندا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا توانرا گۆڕێکی بەکۆمەڵ بدۆزرێتەوە کە پاشماوەی خەڵکی ئەنفالکراوی کوردستانی تێدابوو.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەپێناو دۆزینەوە و گەڕانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان بۆ زێدی نیشتمان ئامادەیی نیشاندەدات پاڵپشتی تەواوی تیمی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕەکان بەشێوەی زانستی و سەردەمیانە بکات و هەموو ئەرکێک لە ئەستۆ بگرێت .

دەزگای خێرخوازیی بارزانی
2019/4/14

ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە یادی کارەساتی ئەنفال:

ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید بەسەرمانەوە ماوە

لە یادی 31 ساڵەی کارەساتی ئەنفال، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی باڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە " تائێستاش گەلی کورد لەبەردەم گەلەکۆمەکی و پیلانگێڕییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دایە، ڕۆژانە کۆبوونەوە و هەڕەشەکان و هێرشەکانی دوژمنان و ناحەزان دژ بەکوردستان بەردەوامە و ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید بەسەرمانەوە ماوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:

سی و یەک ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی عێراق بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لەماوەی حەوت مانگ و لەچوارچێوەی هەشت قۆناغدا پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کوردی ئەنجام دا، ڕوونیشە تاکە هۆکاری ئەو نێودەوڵەتی دایە، ڕۆژانە کۆبوونەوە و هەڕەشەکان و هێرشەکانی دوژمنان و ناحەزان دژ بەکوردستان بەردەوامە و ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید بەسەرمانەوە ماوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:

سی و یەک ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی عێراق بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لەماوەی حەوت مانگ و لەچوارچێوەی هەشت قۆناغدا پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کوردی ئەنجام دا، ڕوونیشە تاکە هۆکاری ئەو ڕقەی ڕژێم تەنها کوردبوون بوو نەک هیچی تر، ڕوونە کە لەو پرۆسە سەربازییەدا ڕژێمی بەعس زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان و زیاتر لە سەدەها شارۆچکەی کوردستانی وێران کرد و لەگەڵ خاکدا یەکسانیکردن و دانیشتوانەکەی بۆ چارەنووسێکی نادیار بردن.

سەردەڕای ئەم کاولکاری و وێرانییە کە بەدەستی بەعسییەکان لە کوردستاندا ڕوویدا، تەواوی ژیان و سروشت و ژینگەی پاکی کوردستان کەوتە بەر شاڵاوێکی وێرانکەر و سەردەڕای هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و لەناوبردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵیی کوردستان، بەفەرمانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕش و فەرماندەی باکووری هێزە چەکدارەکان بە سەرکردایەتیی تاوانباری گۆڕبەگۆڕ "عەلی حەسەن مەجید"، ژینگە و ئاسمانی کوردستانیان بەتەواوی بارگاوی بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی کرد، کوردیش وەک گەلێکی لەمێژینەی نیشتەجێ لەخاکی خۆی کوردستان، لەزێدی باوباپیرانی خۆی ڕاگوێز کرا بۆ باشووری عێراق و بەشێکیش لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا ئاوارە و دەربەدەر بوون، ئەم هەموو تاوان و یاسا بەزاندنە نێودەوڵەتی و ئاسمانییانەش بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی دیموکراتخوازی جیهان بوون.

ئاشکرایە تائێستاش گەلی کورد لەبەردەم گەلەکۆمەکی و پیلانگێڕییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دایە، ڕۆژانە کۆبوونەوە و هەڕەشەکان و هێرشەکانی دوژمنان و ناحەزان دژ بەکوردستان بەردەوامە و ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید بەسەرمانەوە ماوە.

ڕاستە ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە و لە مەدینە هاتووەتە خوارەوە، بەڵام بۆ ئەنفالکردنی نەتەوەیەکی موسڵمان و دینداری وەک کورد نەبووە و نابێت، هەر لەو ئەنفالە ڕەشەدا نەک هەر کوردی موسڵمان، مزگەوت و تەکییە و کتێبە پیرۆزەکانی قورئانیش لەناوماڵ و مزگەوت و تەکیەکاندا سووتێندران و ئەنفالکران.

لەلایەکی ترەوە وێڕای هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، بەڵام دەڵێین هێشتا ئەم دەڤەرەو دانیشتوانەکەی شیاوی کاری مەزنتر و خزمەتی زیاترن، لای هەموان ڕوونە حکوومەتی ئێستای عێراق لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقییەوە دەبێت قەرەبووی تەواوی زیانەکان بکاتەوە، چونکە میراتگری ئەو حکوومەتەیە کە تاوانەکانی ئەنجامداوە دژ بە گەلەکەمان، ڕووی دەمان دەکەینە بەغداو دەڵێین: ئێوە وەک چۆن پابەندن بەدانەوەی قەرزەکانی وڵاتانی کەنداو، ئاواش دەبێت پابەندبن بەڕامبەر بەقوربانیانی تاوانەکانی دەستی ڕژێمی بەعس کەبەسەر ئەم گەلەدا هاتووە، لێرەوە بە دەسەڵاتدارانی بەغداد دەڵێین:

1-پێویستە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەنفال و ناوچە زیانلێکەوتووەکان بکەنەوەو بەڕپرسیارێتیی میژوویی و یاسایی ئەنفال هەڵگرن بەپشتبەستن بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە ئەنفالی وەک جینووساید ناساندووە و حوکمەکەش پلەی بنبڕی وەرگرتییە.

2- پێویستە دەسەڵاتی بەغدا بەشێک لە بودجەکەی بۆ قەرەبووکردنەوەی ژینگەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی کوردستان تەرخان بکات.

3- داواکارین بابەتی جینۆساید بکرێتە بابەتێکی گشتگیرو لە هەموو ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکانی سەرانسەری عێراقدا بخوێندرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێین پەرلەمانی کوردستان ئامادەی خزمەتکردنێکە بەم دۆزە و پشتیوانیی هەموو پرۆژەیاسا و بیرۆکەیەک دەکات کە خزمەت بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و دۆزی ئەنفال بکات لەڕووی یاسایی و دیپلۆماسی و سیاسییەوە.

دووبارە سەری ڕێزو نەوازش بۆ قوربانیانی کارەساتی بەدناوی ئەنفال دادەنوێنین.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/4/14

جەماوەری هەولێر بەڵێنی وەفاداری بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی دووپات دەکەنەوە







ڕۆژی شەممە 13ی نیسانی 2019 جەماوەری هەولێر لە چین و توێژ و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لە بارزانی لانەی شێران و لەسەر مەزاری باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد مەلا مستەفای بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد،بەڵێن و سۆزی وەفاداریان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دووپات کردەوە.

دوای پێشوازیی لێکردنیان لەلایەن نوێنەری جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و ستافی پێشوازییەوە،تاجە گوڵێنەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەری شاری هەولێر لەسەر مەزاری نەمران داندرا و سورەتی فاتیحایان لەسەر خوێندرایەوە.

دواتر ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی جەماوەری شاری هەولێر بەڵێن و سۆزی وەفاداری بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دووپات کردەوە، لە پەیامێکیشدا بەو بۆنەوە جەختی لەوە کردەوە کە بارزانیی نەمر ڕابەرایەتی شۆرشێکی مەزن و پیرۆزی کرد لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئایین، هەر بۆیە هەموان لە دەوری ئەو شۆڕشە نیشتیمانیە کۆبوونەوە. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەرپرسی لقی دوو دووپاتی کردەوە کە دەستکەوتەکان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی و پێشمەرگە قارەمانەکان و شەهیدانی کوردستانە ، بۆیە پێویستە هەموان پارێزگاری لەو ئەزموون و دەستکەوتانە بکەن. وەک دەبیندرا تۆڕی دیموکراتی کوردستان بە ناوی جەماوەری شاری هەولێر بەڵێن و سۆزی وەفاداری بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دووپات کردەوە، لە پەیامێکیشدا بەو بۆنەوە جەختی لەوە کردەوە کە بارزانیی نەمر ڕابەرایەتی شۆرشێکی مەزن و پیرۆزی کرد لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئایین، هەر بۆیە هەموان لە دەوری ئەو شۆڕشە نیشتیمانیە کۆبوونەوە. لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەرپرسی لقی دوو دووپاتی کردەوە کە دەستکەوتەکان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی و پێشمەرگە قارەمانەکان و شەهیدانی کوردستانە ، بۆیە پێویستە هەموان پارێزگاری لەو ئەزموون و دەستکەوتانە بکەن. وەک دەبیندرا تۆڕێکی جیاجیا لە هەولێرەوە پەیتا پەیتا دەهاتن و دوای دانانی تاجە گوڵینە و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحا بەڵێنی وەفاداریان بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر دووپات دەکردەوە، لەنێو ئەوانیشدا کلدانیەکان و سریانیەکان و ئاشوورییەکان و ئەرمەنیەکان کە لە تاجە گوڵینەیەک کە گوزارشتی لە ئایینە جیاوازەکان دەکرد گەیشتنە سەر مەزاری نەمران،دوای ئەنجامدانی نوێژ و نزای تایبەت بە ئاینەکەی خۆیان وەک ڕێزلێنانێک لە بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد، لەبری ئەو ئایناندش ئانۆ عەبدۆکە دووپاتی کردەوە کە ئەوان وەک کلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەن و مەسیحی وەکو هەموو ساڵێک هاتوون بەڵێنی وەفاداری و پەیمان بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر نوێ بکەنەوە.

ئەو گوتی: دەزانین لە دێر زەمانەوە موسڵمان و مەسیحی و جوو لە بارزان بە ئاشتی و خۆشەویستی پێکەوە ژیاون وەک چۆن ئێستا تەواوی پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بە ئاشتی و تەبایی و خۆشەویستی بە یەکەوە دەژین،شێخ عەبدولسەلامی بارزانیش پشتیوانی دروستکردنی کیانێکی کردووە بۆ کورد و سریان و کلد و ئاشوور،وەک چۆن بارزانیی نەمر ئەوپەڕی ڕێزی لە تەواوی ئایینەکان دەگرت لە مەسیحی و ئەرمەنی و ئێزیدی و جوو لەگەڵ تورکمانەکان و کاکەییەکان،هاوکات داکۆکیکاری مافەکانیان بوو،هەر لەبەر ئەوە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان هاتنە ڕیزی شۆرشی مەزنی ئەیلوول،سەرۆک مەسعود بارزانیش بووە سومبوڵی درێژەپێدان بە پەرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەو پێکهاتەو ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان و ئەو کوردستانە بووە نموونەیەکی جوان لە ئاشتی و پێکەوە ژیان.

شایانی باسە دوابەدوای ئەو بەشداریە گەورە و بەرفراوانەی چین و تۆژەکانی هەولێر، ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو سوپاسنامەیەکی ئاراستەی جەماوەری هەولێر کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خۆم و هەڤاڵانم لە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرفرازین سوپاسی وەفا و ئەمەکداری جەماوەری شاری هەولێری پایتەختی کوردستان و نیشتیمانپەروەری ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر. کەسەرەڕای ماندو بون و دووری ڕێگا زەحمەتیان کێشاو سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزانی لانەی شێران سەری ڕێزو نەوازشیان بۆ شەهیدانی کوردستان و باوکی ڕۆحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە لە یاد دانواند.

ئەم بەشداریە بەرفراوانەی جەماوەری شاری خۆشەویستی پایتەختی کوردستان بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەوە هێمایەکی مەزنە بۆ بەردەوامی و دەستگرتن بە ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانیی، ئێمە پەیان دەدەین، لەئاست ئەم وەفایەی جەماوەری شاری هەولێر، بەردەوام لە خەباتی خزمەتکردنی پایتەخت دڕێغی نەکەین... دووبارە سوپاستان دەکەین بۆ ئەرک و ماندبوونتان.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە بەرپرسی نووسینگەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان دەکات

نانسی بیرگیرون: دڵخۆشین بە نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بە مەبەستی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دوێنێ یەکشەممە 14ی نیسانی 2019 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی لە نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نووسینگەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە دیدارێکدا نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نووسینگەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان، وێڕای پیرۆزبایێکردن لە سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، خۆشحاڵیی خۆشی دەربڕی بە بوونی ئافرەتێک لە هەرێمی کوردستان بێتە سەرۆکی سەرۆکی پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی یاسایی و گرینگ لە هەرێمی کوردستان و عێراق. هێواشی خواست دەرفەتی زیاتر بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداربوونی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان فەراهەم بکرێت. لای خۆیەوە د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نووسینگەی کەندا لە هەرێمی کوردستان پوختەیەکی لە ڕێکارە یاساییەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم قۆناغەی ئێستادا شیکردەوە و ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی ڕێکارەیاساییەکان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لەبەر ئەوەی 30ی ئەیلوولی 2018 هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە و خەڵکی کوردستان چاوەڕێی پێکهێنانی حکوومەتن و بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوەکان یاساییەکانمان دەستپێکردوە بە کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دوای دەرچواندنی یاسایە سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت و بەمەش هەنگاوە خێراییەکانی پێکهێنانی حکوومەت دەستپێدەکات و لە ئێستادا یاساکە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆکراوە.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەختی لە هەبوونی دەستووری هەرێمی کوردستان کردەوە و گوتی: لە ئێستادا نزیکەی 70 ماددە لە دەستووری هەرێمی کوردستان نووسراوەتەوە کە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوە کە تیایدا ماف و ئازادییەکان و یەکسانی جێندەری چەسپاندووە، هەروەها پەرلەمانی کوردستان بە بایەخەوە چەندین یاسای دەرکردووە و لەبەرنامەشی دایە چەند یاسایەک هەموار بکاتەوە تایبەت بە پرسی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان.



هەر لە دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق کرد و داوای کرد حکوومەتی عێراق دەستووری عێراق جێبەجێ بکات بە تەواوی ماددەو بڕگەکانیانەوە و لە ناویشیاندا ماددەی 140 دەستووری عێراق کە تایبەتە بە ناوچە جێناکۆکەکان.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کورتەیەکی لە چاکسازییەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان شیکردەوە و ڕایگەیاند: دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دوای دەستبەکاربوونمان لە دەستەی سەرۆکایەتی کاری لە پێشینەمان ئەنجامدانی چاکسازی کارگێڕی و دارایی بوو، هەروەها داواشمان لە دیوانی چاودێری دارایی کردووە بە وردی بەدواداچوون بکەن و ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ڕای گشتی ڕوونبکەنەوە و پەرلەمانیش ئامادەیی تەواوی هەیە لەسەر مالپەڕی فەرمی بڵاوی بکاتەوە.

لای خۆشیەوە نانسی بیرگیرون، بەرپرسی نووسینگەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بە هەنگاوە یاساییە و چاکسازییەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و ڕایگەیاند: دڵخۆشین بە هانگاوەکانتان لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانی و نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە هاوکارو پشتیوان دەبین و پەرە بە پەیوەندییەکانمان دەدەین و ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکین بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانمان لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کەندا .

لەژێر دروشمی (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین.. نیشتمان ئازاد دەکەین لە خوێنمژین)

مەراسیمی 28 ساڵەی داستانی گەورەی کۆڕێ بەڕێوەچوو

فەرماندەیەکی بەشداربووی داستانی کۆڕێ لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی لە پشت تانکە تێکشکێندراوەکان بەخاکسپێردراوە

لەم داستانەدا هێزی پێشمەرگە بە دەست و بازووی خۆی بەری بە دوژمن گرت



خەبات: ساسان دەروێش/زانیار سەردار

لە یادی 28مین ساڵەی داستانی کۆڕێ، ڕۆژی 2019/4/13 لە شارۆچکەی کۆڕێ، مەراسیمێکی شایستە بەو یاد و داستانە مەزنە، لەلایەن هەیئەی گشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگە و لەژێر چاودێری یەکەی 80ی پێشمەرگە، بە ئامادەبوونی سەدان بەرپرسی حزبی و حوکمی و پێشمەرگە و کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیر، بەڕێوەچوو.

داستانی مەزنی کۆڕێ لە 1991/4/9 بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی دەستیپێکرد و لە 1991/4/12 سەرکەوتنی یەکجارەکی تۆمارکرد، بەهۆی ئەو داستانەوە جارێکی دیکە ئیرادەی مانەوە و بەرخودانی کوردستان سەرکەوت، لە کۆڕێ، پێشمەرگە چەقی و هێزی داگیرکاری پڕ چەکی وەستاند و لووتی ئەو هێزەی شکاند کە بۆ داگیرکردنی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان لەشکرکێشیان کرد. لە کۆڕێ، پێشمەرگە بە دەنگی بەرز هاواری کرد کوردستان یان نەمان.

مەراسیمەکە لەلایەن هەردوو بێژەرانی دەنگی کوردستان، کامەران خەفاف، نەرمین سندی، بەڕێوەچوو، سەرەتا بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان و بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستیپێکرد. پاشان لیوا حەسەن نووری، بەرپرسی هەیئەی گشتیی ڕێکخستنی پێشمەرگە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد. هەروەها نەجات عەلی، فەرماندەی هێزەکانی یەکەی 80ی پێشمەرگە وتارێکی پێشکەشکرد، هەروەها چەند چالاکییەکی هونەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی پێشکەشکران، شاعیران، قادر قاچاغ و رزگار کێسەیی شیعریان بۆ پێشمەرگە و داستانەکە پێشکەشکرد و دواتر لەلایەن تیپی مۆسیقا و هونەرمەندان لالۆ ڕەنجدەر، نووری گەرمیانی، هێمن، ساوین و سابات، جۆشوخرۆشێکی زۆریان بە ئاهەنگەکە بەخشی، مەراسیمەکە لەنێو گۆرانی و هەڵپەڕکێ تا ئێوارەیەکی درەنگانی خایاند، هەر لە مەیدانی داستانەکە و نێو چیای کۆڕێ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و پێشمەرگە بۆ خەبات قسەیان کرد:



د.ئازاد ئەحمەد قالە منەوەر



لیوا ئازاد حەویزی



عەمید کامەران خەفاف

هێزی پێشمەرگە فیداکاری کرد

عومەر عوسمان مێرگەسووری، بەشداربووی داستانەکە، گوتی: شەڕی یەکەم لە کۆڕێ دەستیپێکرد، هەڤاڵان حەمید ئەفەندی و دکتۆر سەعید و حالی دۆڵەمەڕی و عومەر عوسمان و خالید ئاژگەیی، لە شوێنی ئەو تانکانەی ئێستا داندراون، لەسەر سەکۆیەکە لەوێ وەستابوون، هێزی پێشمەرگە ژمارەیان زۆر نەبوو، هەمووی نەدەگەیشتنە پەنجا کەسێک، ڕەنگە لە عەقڵدا دوور بێت کە پەنجا کەس بتوانن لیوایەکی سوپای عێراق لە پێشڕەویدا بە تانک و زرێپۆش بشکێنن، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکە و من لەسەر وتەکەی خۆم بەرپرسم، ئەگەر بەدوای سوپاکە بڕۆیشتایناید تاوەکو پیرمام، ڕژێم هەموو دەزگاکانیان بەجێدەهێشت و ڕایان دەکرد، بۆیە دەڵێم: هێزی زۆر و زەوەند مەرج نییە، فیداکاری گرنگە.

دوای ئەوەی ئەو هێزانەی سوپای عێراق شکان و پاشەکشەیان کرد، بۆ دیوی نێوان پیرمام و کۆڕێ، برادەرانی بەڕەی کوردستانی، ژمارەیەک لەوە لاوە پەیدابوون، هەروەها ئەو وتارەی لە دەڤەری سۆران سەرۆک بارزانی پێشکەشی کرد، وتەکانی زۆر فیداکارانە بوون و کەسانێکی خاوەن غیرەت و بڕیاری خۆڕاگری و فیداکاریان دابوو.

داستانی کۆڕێ تەنیا سەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو

نەجات عەلی، فەرماندەی هێزەکانی یەکەی 80ی پێشمەرگە لە وتارێکیدا بۆ مەراسیمەکە، ئاماژەی بەوەدا ئەم داستانە تەنها سەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکانیشدا هێنا و بوو بە مایەی ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەنگ بێنێت، سەبارەت بەو هێرشە و پەلامارانەی دەوڵەتی عێراق، لەوکاتەدا کە دەیکردە سەر گەلی کوردستان، داستانی کۆڕێ لە میژووی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا قۆناغ و ڕووداوێکی میژووخولقێن بوو، بووە مایەی وەرچەرخانێکی گەورە و پێگە و دۆزی کوردی بردە بۆ ئاستێکی سەروور، دەکرێت بڵێین دەستکەوتە نەتەوەییەکانی ئەمڕۆمان بەرهەمی ئەو داستانانەن کە لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بە دریژایی میژوو بەدەستیهێناون لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان و لە ناویاندا داستانی کۆڕێ کە بە خوێن و قارەمانییەتی چەندین فەرماندە و پێشمەرگە ئەم سەرکەوتنەیان بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان تۆمار کرد.

لێرەوە بڕیاری بەرگریکردن لە کوردستان درا

لیوا حەسەن نووری، بەرپرسی هەیئەی گشتی ڕێکخستنی پێشمەرگە، گوتی: لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئێمە پێشمەرگە بووین لە سنووری سۆران، ئەو کاتە هێرشی پێچەوانەی ڕژێمی بەعس دەستیپێکرد، خەڵکی کوردستان ناچار بوون لەبەر بۆردوومانی چڕ دۆزمن خۆیی بکێشێتەوە بۆ قەزای سۆران لەوێدا سەرۆک بارزانی کۆڕێکی بۆ جەماوەر ساز دا، من ئامادەبووم، جەنابیان گوتی: سەرهەڵدانی خۆڕسکی نەتەوەیەک بۆ مافە ڕەواکانیان ڕەوایە و پیرۆزە، من چیتر ژیانی ئاوارەیی نە بۆ خۆم و نەتەوەکەم قبوڵ ناکەم، ئەوە من لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەچم بەرپەرچیان دەدەمەوە، دەبێ ئێمە بەرگری بکەین، ئەمەش بووە هۆی هیوا و ئومێدبەخشین بۆ جەماوەر، پێشمەرگەش هاتن سەنگەریان قایم کرد و لە کۆڕێ خۆیان سازدا بۆ بەرگریکردن و گیانبەخشین، ئا لێرەوە بڕیاری بەرگریکردن لە کوردستان درا و ئەم سەروەریەی ئەمڕۆیی پێ تۆمار کرا کە 28 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەریدا.

داستانی کۆڕێ سنووری بۆ لەشکرکێشی ڕژێمی بەعس دانا

لیوا ئازاد حەویزی، داستانی کۆڕێ، گوتی: ئەم داستانە مەزنە وەرچارخانێکی سیاسی و سەربازی گەورە بوو لە میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا، لە ناوەوەی عێراق و جیهان بۆ ئەم ڕۆژە میژوونویسە هاتنە دەنگ، لە ئەنجامی ئەو بەرگریە قارەمانانەی پێشمەرگە بە سەرکردایەتیی سەرۆک بارزانی لە کۆڕێ هاوکێشەی سیاسی گۆڕی، لە عێراق و ڕژێمی ناچارکرد پەنا بۆ گفتوگۆ ببات، لە کاتێکدا گەلەکەمان تووشی کۆچڕەوێکی ملیۆنی بۆوە، بۆیە پێشمەرگە قارەمانەکان بەرگری گەورە بکەن و لەشکری ڕژێم بشکێنن و جیهان هاتنە دەنگ لە ڕێی پێشنیاری فەرەنسا بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە کۆدەنگی دروستکرد، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە عێراق و دانانی سنووریک بۆ ڕژێمی بەعس کە بڕیاری 688 بوو ئەم بەرگرییەی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دڵنیایی و ئارامی گەڕانەوە بۆ گەلی کوردستان.

ئەم داستانە لە میژوودا لە یاد ناکرێت

دکتۆر شەماڵ ئەحمەد قادر منەور، سەرپەرشتیاری مەراسیمەکە گوتی: ئێمە وەک مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی یەکەی 80ی هێزی پێشمەرگە، هەستاوین بە سازدانی ئەم مەراسیمە کە لە ساڵی 1991 داپێشمەرگەی قارەمانی کوردستان بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی داستانێکی کەم وێنەیان تۆمار کرد، ئەم داستانە لە میژوودا لە یاد ناکرێت، حکوومەتی عێراق بەنیاز بوو جارێکی تر هەموو کوردستان داگیر بکاتەوە، بەڵام پێشمەرگەی کوردستان بەرگریەکی زۆر بەهێزیان کرد و توانیان ڕژێمی عێراق بوەستێنن، ئەمڕۆش کە ئەم یادە بەرز و پیرۆز ڕادەگرین بۆ ئەوەیە نەوەی ئێستا بزانن کە ئازادیی ئەمڕۆ بە سانایی بە دەست نەهاتووە، بە ڕەنج و ماندووبوون و خوێنی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان، کۆشکی ئارامی و ئاسایش دورستکراوە.

چیتر قبووڵ ناکەین خاکی کوردستان بە سوتماک بکرێت

عەمید بیستوون عوسمان مام یەحیا، سەبارەت بە داستانی کۆڕێ، گوتی: داستانی کۆڕێ یەکێکە لە چەندەها داستانی قارەمانێتی پێشمەرگە کە بە خوێنی گەشیان لە بەرانبەر دوژمناندا تۆماریان کردووە، لەم داستانەدا پێشمەرگە بە دەست و بازووی خۆی بەری بە دوژمن گرت و پێیان گوتن ئیتر بەسە زوڵم و ستەم و کوشتن و بڕین و ئاوارەیی و دەربەدەری لە خاک و وڵاتی خۆمان، چیتر قبووڵی ناکەین خاکمان بە سوتماک بکرێت.

داستانی کۆڕێ بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە بڕیاری بەرگری بدات

عەمید عومەر ئاژگەیی، باسی لە ڕۆڵی مامی کرد و گوتی: شەهید خالید ئاژگەیی یەکێک بوو لە فەرماندەکانی داستانی کۆڕێ و بەشداربوویەکی سەرەکی بووە و ڕۆڵی گەورەی تێدا گێڕاوە و شانبەشانی هێزەکانی دیکەی پێشمەرگەی کوردستان. لەو کاتەدا ئەم داستانە زۆر گەورە و دڵخۆشکەر بوو، دەتوانم بڵێم لە سەرتاسەری کوردستاندا ورە و خۆڕاگری پێشمەرگە بەرادەیەکی زۆر بەرز ببووەوە و وای کرد پێشمەرگە لە هەموو شوێنکدا بڕیاری بەرگریکردن بدات. دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە ڕۆڵی جەماوەری کۆڕێ و شەقڵاوە بدەم کە بەڕاستی ڕۆڵی گەورە و بەرزیان هەبوو لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە و هاوکاریکردنیان بە دەسخستنی زانیاری لەسەر دۆزمن و گەیاندنی نان و ئاو و تەقەمەنی پێشمەرگە لەو شوێنەدا.

عەمید کامەران خەفاف، گوتی: داستانی کۆڕێ گرنگی خۆی هەیە لە میژووی گەلە ستەمدیدەکەمان، لەو کاتەدا پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان وەک چیای سەفین لە بەرانبەر هێرشی زاڵمانەی سوپای عێراقدا وەستانەوە و بەرگرییەکی قارەمانانەیان تۆمار کرد، لێرەوە وەرەی بەرز و گورزی کەمەرشکێنی پێشمەرگە دەرسێکی وەهایان بە دۆزمن دا کە ڕژێمی ناچار کرد، داوای گفتوگۆ بکات.

-دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا وەک بەشداربووی ئەم مەراسیمە لە کۆڕێ گوتی:

لە ڕووی سیاسی داستانی کۆڕێ دۆزمنی خستە بوارێکی زۆر ناڕەباری سیاسی و باڵانسی هێزی لە ڕووی سیاسی گۆڕی و ڕژێمی مەجبووری بە ئاگربەست و دەستپێکردنی دانوساندنی لە گەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی کرد. هەر ئەوەش بوو بە بەهۆی دەرخستنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایاش بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و دواتر پێکهێنانی کیانی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دواتریش لە دەستوور جێگر کرا، ئەگەر هێزی دۆزمن لەم شەڕە شکەستی پێنەهاتبا بەرەی کوردستانی بەشێکی زۆر گرنگی کوردستانی لە دەست دەچوو و پێکهێنانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ملکەچکردنی دۆزمن زۆر ئاستەم دەبوو، واتە لە داستانی کۆڕێ یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خۆبەڕێوەبردن جێگر بوو. لەڕووی سەربازی هێزێکی بە ژمارە کەم و بە وردە پۆڵاینی پێشمەرگەی کوردستان بە چەکی سووک و ساده چۆکی بە هێزێکی زەبەلاح و مەزنی ناوچەکە و بگرە جیهان دادا و توانی گورزێکی کەمەرشکێنی لە دۆژن بدات و پاشەکشەی پێ بکات. ئەمە جارێکیتر بۆ هەموو لای دەرخست کە دۆزمن چەند بە هێز بێت توانای لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەی نییە و چارەسەر تەنیا دانوساندن و داننان بە مافەی کورده. ئەم ڕاستییە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش ڕوون بووەوە کە ئەو کات بە وردی و کە نزیکەوە چاودێری باروودۆخەکەیان دەکرد، هەروەها دلاوەر ئاژگەیی گوتیشی: لەڕووی سایکۆلۆژی داستانی کۆڕێ لە کاتێکدا تۆمارکرا کە بە سەدان هەزار کە هاووڵاتییانی کوردستان بەبێ خواردن و جل و بەرگی پێویست و لە وەرزێکی سارد بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا لە ترسی دووبارەبوونەوەی جینۆسایدێکی تر کەوتبوونە ڕێگا، بەڵام هەر لە دوای شکستپێهێنان و پاشەکشە پێکردن بە هێزەکانی دۆژن، هیوا و ئومێدیان بۆ گەڕایەوە و کۆڕەو بەرەو سنوورەکان وەستان و بەرەو ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە و بەمشێوەیە پێشگیری لە ڕوودانی کارەساتێکی مەزنی مرۆڤی گیرا، بۆ منیش وەکوو کوردە پێشمەرگەیەک جێگەی سەربەرزییە کە باوکم یەکێک لە فەرمانده دیارەکانی داستانی کۆڕێ بووە و ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی لەگەڵ هەڤاڵانی تری بینیوە و لەکاتی تۆمارکردنی داستانەکە وەسیەتی ئەوەی بە هەڤاڵانی کردبوو کە لە ئەگەری شەهیدبوونی لەوێ بنێژرێت و دواتریش هەر لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەوێ لە پشت تانکە شکاوەکان نێژراوە.



عەمید عومەر ئاژگەیی



د.دلاوەر ئاژگەیی



عەمید بێستون عوسمان



لیوا حەسەن نووری:

لەم شەڕە، وتەکانی سەرۆک بارزانی بووە هۆی هیواو ئومێدبەخش



نەجات عەلی:

داستانی کۆڕێ گۆڕانکاریی بەسەر هاوکێشە سیاسییەکاندا هێنا



عومەر عوسمان:

هێزی زۆر و زەوەند مەرج نییە، بەڵکوو فیداکاری گرنگە

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کرد



پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەمە 2019/4/14 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەتەلاری پەرلەمان، پێشوازیی لە ژمارەیەک لە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: "جێگەی خۆشحاڵییە لەگەڵ بەشێک لە قوتابیانی وڵاتەکەم لەتەلاری پەرلەمان کۆدەبمەوەوپەرلەمان مۆڵکی سەرجەم خەڵکی کوردستانە، هیوادارم قوتابیان زیاتر گرنگی بەخوێندن و خوێندنەوە بدەن بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیان و لە بواری خوێندنیشدا پلەی بەرز بەدەستبێنن بۆئەوەی لە دوا ڕۆژدا کادری بەتوانا و پسپۆڕییان لێ دەربچێت و خزمەت بەگەل و وڵاتەکەیان بکەن"، داواشی لە قوتابیان کرد بەبایەخەوە سەیری ڕووداوە نێودەوڵەتیەکان و ئەم پەیوەندییانەی نێوان وڵاتان لەڕووی سیاسی و ئابووریەوە بکەن تاکو ببنە شیکارێکی بەهێزی نیوکۆمەڵگەی کوردستان. هەر لەدیدارەکەدا هێمن هەورامی، ڕۆل و هەنگاوەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرجەستەکردنی تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە دەرکردنی یاساو چاودێرکرن و بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانی خەڵک و جێبەجێکردنی یاساکان خستەڕوو و ڕایگەیاند: "لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کارەکەین بۆ شەفافبوونی کاری پەرلەمانی هەروەها دەرچوواندنی یاساو هەموارکردنەوەی ئەم یاسایانەی کە پەیوەندییان بەبەرژەوەندیی تەواوی خەڵکی کوردستان هەیەو لەئێستادا کاری لەپێشینەمان دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیرو تەواوکردنی قوناغەکانی نوسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانە".

لەکۆتایی دیدارەکەدا هێمن هەورامی، داوای لە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کرد هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان بۆ هەر پرۆژەیەک یاخود هەر داخوازییەک کە مامۆستایان و قوتابیان هەیان بێت. لای خۆیانەوە مامۆستایان و قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بە سەردانی پەرلەمانی کوردستان و ستایشی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ شیکردنەوەی کۆی پرۆسەی سیاسی و یاسایی لەنێو پەرلەمانی کوردستان و داواشیانکرد لەم خولەی پەرلەماندا کار لەسەر بەهێزی و بەرزبوونەوەی ئاستی زانستیی زانکۆیەکان بکرێت.

سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر:

لەسەرەتای مانگی 4 وە ڕوسامات و ڤیزە لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەڵدەگیراوە



مورتەزا عەبادی سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر لە لاپەڕەی تایبەتی کونسوڵخانەکە ڕایگەیاندووە: ئەوان پابەندی ڕێککەوتنەکەیانن لەگەڵ عێراق و لە سەرەتای مانگی چوار پارە و ڕوسامات و ڤیزەیان لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵگرتووە بەڵام تا ئێستا هەرێمی کوردستان ئەو بڕە پارەیە کە بیست و پێنج هەزار دینارە لە هاوڵاتیانی ئێرانی وەردەگرێت.

مورتەزا عەبادی ئامارژەی بەوەشدا: پێشتر لەگەڵ بەڕێسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بەڵێنیان داوە پارەکە هەڵبگیرێت بەڵام تا ئێستا بەردەوامە.

سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر دەشڵێت: ئەگەر ئەو پارەیە هەڵنەگیرێت ئەوا ئێمەش دەستدەکەینەوە بە وەرگرتنی پارەی ڤیزە لەو هاوڵاتیانەی دێنە ناو خاکی ئێران.

ڕێورەسمێن دروستکرنا زەیتێ زەیتونا ل پەرستگەها لالش بڕێقە دچیت



خەبات ـ ئالان شەهاب:

لوقمان سلێمان بەرپرسێ ڕاگەهاندنا پەرستگەها لالش ب خەبات ڕاگەهاند: ئەو زەیتونا ل هەیڤا 12 یا ساڵا بوری هاتبوون چنین و هاتبوونە هەلگرتن ل پەرستگەها لالش دناڤ کوگەهەکا تایبەت دا دناڤ گینیان دا دهێنە پاراستن. خزمەتکار ل هەمو دەڤەرێن ئێزدیان دهێن ئەوان زەیتون پاقژ دکەن ب ئاڤا گەرم ل دویڤ دا جهەک هاتیە دروست کرن ئەو زەیتون تێدا دهێنە کومکرن، بۆ ماوێ 10 ڕۆژا دێ ڕێوڕوسمێن دروستکرنا زەیتی بەردەوام بن نێزیک 250 ژن و زەلامان بەشدار بن، دڤێ ڕێورەسمێ دا چێنابیت چ ئامیر بهێنە بکارئینان بۆ دروست کرنا زەیتی بتنێ ب شێوەیەکێ کەڤنار ئەڤ زەیتە دهێت دروست کرن. ناڤهاتی خویاکر کو بتنێ زەیتونێن پەرستگەهێ دهێنە دروست کرن ئەڤسال ڕێژا بەرهەمێ زەیتونا زێدەتری سالا بوری یە ژ بەر کو سالا بوری ڕێژا زەیتونا یا کێم بوو ژبەر کێمیا بارانێ گەلەک دارێن وان هشک ببوون.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین پێشوازی لەشاندێکی دەستەی کلتووری شەهید محەمەد سەدر کرد



پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین لەدیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا پێشوازی لەشاندێکی سەر بە دەستەی کلتووری شەهید محەمەد سەدر کرد، ئەمەو ئەم شاندە لەماوەی چەند ڕۆژی پێشتردا بەشداری چواردەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی بۆکتێبیان لەشاری هەولێر کرد، ئەم سەردانەشیان بۆ زانکۆی سەلاحەددین بۆ پێدانی دیاریەک کە خۆی لەچەندین کتێب گرتبوو سەبارەت بەفەلسەفە و فیقە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زۆربەی بابەتە زانستییەکان، سەرۆکی زانکۆ لەنێوەندی پێشوازیی کردنیان سوپاسی هەموو ئەرک و ماندوو بوونەکانیان کردن و هیوای خواست لەنزیکەوە ئاگاداری چالاکییەکانیان بن و بەهەمان شێوەش ئەو دەستیەش ئاگاداری چالاکییە زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەددین بن.

پۆلیس 9 ملیۆن دینار بۆ کەسوکاری کوژراوەکەی سلێمانی دەگەڕێنێتەوە

ڕۆژی 4ی مانگ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی کورپێک باوکی خۆی کوشت. لەڕاگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک دەست مالپەڕی کوردستان تیقی کەوتووە ، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیێنێت ، هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری بڕی 9 ملیۆن دینار دەگەڕێننەوە بۆ کەسوکاری کوژراوێک. ڕاشیدەگەیەنن ، هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری بڕی 9 ملیۆن دیناریان گەڕاندەوە بۆ کەسوکاری هاوڵاتییەک کە چەند ڕۆژێک لەمەو پێش لەلایەن کورەکەیەوە کوژرا. پۆلیس ئامارژە بەوەش دەکات کە دوای ئەوەی هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری بەمەبەستی پشکنین چوونە ماڵی ئەو هاوڵاتییەی کە لەلایەن کورەکەیە کوژرا ، لەکاتی پشکنینی ماڵی کۆچکردوو بڕی 9 ملیۆن دینار لەلایەن هێزەکانی پۆلیس دۆزرایەوە کە کەسوکاری کوژراوەکە هیچ ئاگاداری ئەو بڕەپارەیە نەبوون و بەئامانەتەوە پارەکە ڕادەستی کەسوکاری کوژراوەکە کرایەوە. لەکۆتایدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی سوپاس و دەستخۆشی خۆی دەگەیەنێتە ئەفسەرو کارمەندنی بنکەی پۆلیسی ڕزگاری .

جێی ئاماژەیە ڕۆژی 2019/4/10 لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی کورپێک باوکی خۆی کوشت.

حکوومەتی عێراق بەشە خۆراکی هاوواڵاتییان نابڕێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

حکومەتی عێراق ماوەی چەندین ساڵە بەشەخۆراکی هاڵاتیان دابین دەکات دەربارەی دوایین زانیاری لەسەر بەشە خۆراکی هاوڵاتیان ئەندامی پەرلەمانی عێراق جەمال کۆچەر ڕونیکردەوە: هیچ مەترسیەک لەسەر بەشەخۆراکی هاوڵاتیان نییە و حکومەتی عێراق ئەو بەشە خۆراکە نابڕێت کە مانگانە بە هاوڵاتیانی دەدات تەنها لەکاتی پەسەند کردنی ئەو مادەیە هەندێ بۆچوون هەبوو کە باسیان لەو مادە خۆراکیانە دەکرد کە کوالیتیان باش نییە و پێویستە پارە بەهاوڵاتیان بدرێت تا خۆیان خۆراک بکڕن ئەگەرچی ئەو بۆچوونە لاواز بوو قسەی زۆری لەسەر نەکرا لەبودجەی گشتی عێراق بۆ ئەمساڵ لە یاساکەدا دەنگی لەسەر دراوە و چەسپێندراوە و زیاتر لە یەک ترلیۆن و 500 ملیار دینار بۆ بەشە خۆراکی هاوڵاتیانی عێراق تەرخانکراوەو وەزارەتی بازرگانیش پابەندە بەکڕین و پێدانی ئەو مادە خۆراکیانە.

ڕۆژانە حەفت هەزار و 500 تۆن خاشاک کۆدەکرێتەوە



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نەورۆز مەولود: "ڕۆژانە حەفت هەزار و 500 تۆن زبڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان کۆدەکرێتەوە".

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، نەورۆز مەولود ڕایگەیاند کە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا کۆنفرانسێکی گرنگ لە بواری ژینگە بەڕێوەدەچێت کە ڕێککخراوی UNDP هاوکار دەبێت و ئامانج لێی پەرەپێدانی پاراستنی ژینگەیە.

نەورۆز مەولود لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی: "ئەگەرچی پاراستنی ژینگە ئەرکی هەمومانە و بەردەوام پێویستی بە هۆشیارکردنەوە و ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت بەم بوارەوە هەیە لەماوەی دوو ڕۆژی داهاتووشدا کۆنفرانسێک لەسەر بابەتی ژینگە بە هاوکاری UNDP ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی ژینگەیەکی پاکمان هەبێت و بێگومان دەبێت هاوواڵاتییانیش هاوکاربن".

لەبارەی قەبارەی زبڵ و خاشاکی ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستان، نەورۆز مەولود گوتی: "ڕۆژانە حەفت هەزار و 500 تۆن زبڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم مانگانە بڕی 12 ملیار دینار دابین دەکات بۆ کۆمپانیاکانی پاککردنەوە".

لەبارەی دانانی کۆمپانیای ریسایکلێن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتواندرێت جارێکی دیکە سوود لە زبڵ و خاشاک وەربگیرێت و بکرێت بە ماددەیەکی دیکە، نەورۆز مەولود گوتی: "چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک لە شاری دهۆک و قەزای ئاکرێ هەیە و لە هەولێر و سلێمانیش ئێستا لە بواری جێبەجێکردنداین، هەرچی چەمچەماڵ و ڕانیەشە ئەوا دراوەتە کۆمپانیای تایبەت".

ناوبراو ئامارژەی بەوەشکرد کە ماددەکان بە شێوەیەکی جیاجیا کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی بتواندرێت زبڵ و خاشاکەکە پۆلێن بکەن و گوتی: "بێگومان لەکاتی کۆکردنەوەدا، ڕەچاوی ئەوەکراوە کە شووشە بە جیا و کارتۆن بەجیا کۆبکرێتەوە و لەسەدا 25ی دەبێتە پەیینی کیمیایی و دەدرێت بە پارک و باخچەکانی ئەو شوێنەی کە ریسایکلێنی لێ دەکرێت و بە دڵنیاییەوە لە ماوەیەکی نزیکدا، هەر شارێک کۆمپانیایەکی ریساکلێنی خۆی دەبێت".

ئاژانسی پاراستن

با پاراستنی کوردستان ببێتە فەرهەنگی هەموومان



بەڕێوەبەری شارەوانی چوار:

زەوی دابەش دوو وەستاوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
بەڕێوەبەری شارەوانی چوار سەبارەت بە زەوی دابەش دوو لە هەولێر ڕونیکردەوە: ماوەیەکە دەنگۆی هەڵوەشاندنەوەی زەوی دابەش دوو هەیە بۆ ئەو مەبەستەش هیچ بڕیارێکمان بۆ نەهاتووە سەبارەت بە زەوی دابەش دوو دیارە، ئەو بڕیارە لەهەموو کوردستان جێبەجێ کراوەو دابەش دوو وەستاوە لەلایەکی دیکەیش سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش دەربارەی ئەو بڕیارە ڕونیکردەوە: دیارە ئەو بڕیارە لەلایەن وەزیری شارەوانی دەرچووە و بڕیارەکەش جێبەجێ کراوەو ئەو بڕیارەش هەڵنەوەشاوەتەوە.

پارێزگەرێ دهۆکێ رۆڵێ نقیسەرێ تورک ئیسماعیل بێشەکچی دسەنگینیت



خەبات ـ دهوک: دوهی بەری نیڤرو 2019/4/14 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا نقیسەرێ تورک دوستێ گەلێ کورد ئیسماعیل بێشەکچی کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ بەحسێ ڕەوشا هەرێما کوردستانێ ژڕوێ سیاسی و ئابوری و ڕەوشەنبیری و زانستی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ بخێر هاتنا نقیسەرێ تورک ئیسماعیل بێشەکچی کر و سوپاسیا هەلویستێن وی کر هەمبەر دوزا گەلێ کورد و ڕولێ ب بەرزی هەلسەنگاند و سەرکەفتن ژێرا خواست. هەژی گوتنێ یە وەکو ڕێزگرتن ل هەلویستێن وی زانکویا دهۆکێ پەیکەرەک بو ئیسماعیل بێشکچی لناڤا زانکویێ چێکر وپەردە ل سەر هاتە لادان.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان خانەوادەی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ کەمال ئامێدی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ (کەمال ئامێدی) بەرپرسی لێژنەی لەندەنی پارتی دیموکراتی کوردستانمان پێگەیشت.
هەڤاڵ کەمال ئامێدی کادیرێکی دڵسۆز و بە ئەمەک بوو بۆ ڕێبازی کوردایەتی و هەمیشە وەک داکۆکیکارێکی ڕەوندی کوردی لە تاراوگەی کاری دەکرد و لە دەستدانی هەڤاڵێکی ماندوونەناسی وەک کەمال ئامێدی خەمباری کردین. بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەیان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارِاستەی خزم و دۆست و هەڤاڵانی و ڕەوندی کوردی لە بەریتانیا دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

سەروکا باژێرڤانیا پاریس سەرا کەمپا شاریا یا ئاوارەیان دا



لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٩ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدام

نیشانە هەڵکۆڵراوەکانی سەر بەرد لەتەختی سلێمان

کەمال نوری مەعروف

کۆمەڵە ئاسەوارێکی کۆن کە ناسراوە بەتەختی سلێمان دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا، شارۆچکەی (تکاب) یش هاوسنورێتی لەباکووری خۆرهەڵاتیدا. پاشماوەی ئاسەوارەکانی قۆناغەکانی سەردەمی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پ.ز هەتاوەکو دەگاتەوە بەڕۆژگاری مەغۆل کە بەردەوامی بووە. گرنگترینی ئەم پاشماوە ئاسەوارییانە قەڵایەکە پەیوەستە بەقۆناغی مێژووی ساسانییەکان.

لەو رۆژگارەدا قەڵاکە دوو دەرگای هەبووە لەباشووری خۆرهەڵاتییو باکووری لەگەڵ بوونی 38 قوللە. ئەم قایمکارییانە بەشێوەی هێلکەیی رووی دەریاچەکەیان گرتووە، هەروەها بەدەوریدا حەسارەکەشی شێوەیەکی چوارگۆشەیی بووە، لەچەقی ئەم کۆمەڵەیەشدا بینای پەرستگای(ئازەر گوشنەسب) دروستکراوە کە دروستکرنەکەی بۆ کاری مەزهبیو دەسەڵاتداری بووە لەو شوێنەدا. یەکێک لەو عونسورانەی کە لەسەر تەلارەکاندا هەن بۆئەوەی بەردەکانیان بەرارود بکەم بەوانەی تر لەهەندێک پاشماوەی ئاسەواری مێژوویی لەئێراندا کە نەخشدارنو هاوشێوە دەوەستنەوە. ئەو تیۆرانەش لەسەر بۆچوونەکان بەبەڵگەی دیاریکراو لەسەر بۆچوونەکان کۆکراونەتەوەو دانراون کە نیشانەکانیان بەچەند کۆمەڵێک دابەشبوون:

1-وازۆی بەردتاشەکان:

ئەوەی لەسەر رووی ئەو بەردانەدا بەرچاو دەکەون یان دیارن هەندێک لەو نیشانانەن کە لەلایەن کەسانێکەوە دانراون یان کۆمەڵێک نیشانە هەن لەسەر رووی بەردەکان دیاریکراون ئەمانە عونسوری بیناسازین کە نیشانەی دەرکەوتوون بۆ شوێنی بەردە تاشراوەکان کە بەشێوەیەکی گشتی رووە چاک کراوەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراون.

2-نیشانەی مەزهبی پەیوەست بەبەردتاشەکان:

لەسەرچاوەکاندا نیشانە لەسەر بەردە تاشراوەکان بەزۆری لەسەر رووەکانیان دەرهێنراون، باوەڕیش وایە پرسەکانی ئاینییو مەزهبی لەدروستکردنیانا هۆکار بوون.

هەندێک لەو نەخشانەش کە لەلایەن گروپێک لەسەر بەردەکان کاری هەڵکۆڵینیان بۆکراوە نمونەیان لەناو ئاسەواری مێژوویی‌یەکاندا هەن. ئەم بابەتەش بەشێکە لەکارەکانی بەردتاشەکان کە بەو هۆیەوە لەشوێنە مەزهبییەکاندا بەتایبەتی ئەنجام دراوە بەمانا نەزرکراون بۆ شوێنە ئاینی یەکە. شوێنی ئەو نیشانانەش کە بەو جۆرەن و لەڕووی بەردەکاندا بەرچاو ناکەون یان نەبینراون دیارە پشتی بەردەکانیان گرتووە.

3-هێماکانی جوانکاریی و ئاینیی و هەوالی:

بەشێک لەو نەخشانەی لەسەر رووی بەردەکان دەرهێنراون یان بەرچاو دەکەون یان لەسەر ئەو دیوارانەی گەچکاری کراون و هەن ئەمانە نیشانەن بۆکاری جوانکاری ئەو بەشەی رووە ئاینی یەکەی گرتۆتەوە بۆئەوەی بکەونە بەرچاو. هەربەوجۆرەش بەشێک لەو نیشانانە کە لەڕووی بەردەکان دەرهێنراون بۆ دیاریکردنی مێژووەکەی بووە.

هەرچەندە ئەو نیشانە هەڵکۆڵراوانە کە هەن شێوەکانیان بەپێی پیتەکانیان لەفەرهەنگدا دیارن کە بەزمانە جیاجیاکان نووسراون بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، هەر بەو جۆرەش (بازن) یش لەو کۆمەڵانەیە کە لەیەکێک لەو شوێنەدا دانراوە ئەمەش بابەتێکە بۆ جوانکاریو ئاینییو هەوالی بووە.


دەستەی نیشانەکان کە لەڕووی بەردەکان دەنیشان بەرچاو دەکەوێت.

هەرچەندە لەسنوورەکانی تری ساسانیدا شتێک کە تایبەت بێت بەبوونی قفڵ و کلیل هەتاکو ئێستا لەبەردەستدا نییە، ئەم سەرچاوەیەش بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەری کراوە لەو رووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

فەرهەنگی دووەم: خاج شێوەیەکی شکستەی گالیسکەی خۆرەو لەزۆرینەی خاڵەکاندا بەرچاو دەکەوێ. تەواوی هێڵەکانی گۆشەی وەستاون لەبەشێکیش لەنەخشەکاندا هێڵەکان بەشێوەیەکی شکستە دڕێژبوونەتەوە، بەڵام لەهەندێکی تردا جیاوازی لەهەردوولاوە دەبینین کە بەپێچەوانەی کاتژمێر دەڕۆن. لەشوێنە دێرینەکانی تریشدا لەجۆری ئەو نەخشە نمونە وەرگیراوەو هەیە. لەم جۆرەش بەزۆری لەتەختی سلێماندا هەیە.

کەشێوەی هێڵێکی چەماوەی وەرگرتووە لەو شوێنەی کە ئاماژەمان دا بەرچاو دەکەوێت.

فەرهەنگی سێی یەکەم: یەکێک لەو شێوانەی کە دەتوانین دیاری بکەین لەنیشانەکانی تەختی سلێمان سێگۆشەیەکەو خاڵێک لەناویدایە، نمونەی لەم جۆرە لەشوێنەوارەکانی تریشدا بەرچاو دەکەون بەتایبەتی لەدەربەند کە هاوشێوەی نەخشەکانی تەختی سلێمانە.



لەسەر رووی حەسارە شارەکەدا نیشانە تایبەتەکان کە هەڵکۆڵراون بەزۆری دووبارە بوونەتەوە کە 520 ژمارەن.."، ئەم نیشانانە وێنەیان لەسەر رووی بەردەکان لەهەردوو رووی دیواری شارەکەدا هەڵکۆڵراوە کە ژمارەیەکی زۆر لەوانە مرۆڤ دەستی دەیانگاتاتا کە مێژوویەکی گەورەی جوانن بۆ ئەو بەشانەی لەدیوارەکان ماونەتەوە.

یەکێک لەو جیاوازییە سەرەکیانەی لەنێوان نیشانەکانی تەختی سلێمانو دەربەندا هەن ئەوەیە نەخشەکانی دەربەند لەڕووی بەردی دیوارەکان دەرهێنراون، بەڵام نیشانەکانی تەختی سلێمان بەکەمی وێنەی رووی بەردەکانیان گرتووە، بەڵکو زیاتر ئەو بەردانەی گرتووە کە گەچکاری کراون.

ژمارەو جۆری نیشانەکانی ڕووی بەردەکانی تەختی سلێمان بەپێی پێوانەکردنیان بەبەردەکانی بینا کۆنەکەی دەربەند لەوان زۆر کەمترن، بۆیە لەفەرهەنگی هاوشێوەی ئەو نەخشانەداو ئەو شوێنانەی تێیاندا جێگیر بوون پێوانەکردنیان بەنەخشەکانی هاوشێوەیان لەچەند پاشماوەیەکی ئاسەواری مێژوویی‌یەدا گرنگی نمونەکان لەو تێڕوانینەوە هەر لەڕۆژگاری هاخامەنشییەوە تا ساسانییەکان دیارن و گەچکاری تەواوکراون وا دیارە لەڕۆژگاری خۆیدا دەوڵەمەند بووە بەو کەفماڵەو داپۆشراون.

ئەو تیۆرانەی لەسەر واڕۆی بەردتاشەکان دانراون یان لەسەر ئەو نەخشانەی کە هەن بۆ کاری جوانکاری یان مەزهبی، نیشانەکان بەپێی لێکۆڵینەوەکان دانراون. کۆشکێک کەلەبەشی باشووری ئەو فەزایەدا بڕیاری دروستکردنی بۆ دراوە خاوەنی هەشت کۆڵەکە بووە کە شێوەیان بازنەیی بووە، ناوەوەی کۆشکەکەش بەبەردکراوە کە بەشەکانی ماونو دیارن. رووەکەی بەنەخشی زۆر داپۆشراوە، لەناویشیاندا نیشانەی دووبارە بووە بەقەوارەی تاقە سێگۆشەکە هەیەو خاڵێک لەناوەڕاستیدایە.

بەپێی ئەو شێوازە مونا‌سیبەی کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەسەر ئەم جۆرە نەخشانە بەبەراورد لەسەر ئەوەی لەقەڵای مێژوویی دەربەند لە کیشوەری ئازەربایجان کراوە شێوەی دروستکردنی قەڵاکە لەناوچە جوگرافییەکەیدا نزیکترین بینای مێژوویی بەکۆمەڵەی تەختی سلێمان، چونکە لەڕووی ژمارەو شێوەی نەخشەکانیو رووی بەردە تاشراوەکانی کەم وێنەیە.

قەڵاکە لەسەدەی شەشەمی زایینیدا بۆ پارێزگاریکردن لەسنوورەکانی باکووری قەڵەمڕەوی حکومەتی ساسانییەکان لەقەفقازی خۆرهەڵاتو ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان دروستکراوە، لەو شوێنەی شاخەکانی قەفقاز کەمترین نێوانیان هەیە لەگەڵ دەریای خەزەردا، لەوێدا قوللەو شووڕا بۆ دەربەندەکە دروستکراوە، زۆرینەی نووسەرانی سەدەی نۆیەمو دەیەمی زایینی شاهەنشا (خەسرەوی یەکەم) بەدروستکەری ئەم شارە دادەنێن.

واڕۆی کەسەکان بەزۆری بەشێوەی نیشانەی هەڵکۆڵراون کە لەڕووی دیوارەکانی دەربەندەکەدا بەرچاو دەکەون یان دیارن هەندێک لەو نیشانانەن کە لەلایەن گەورەکانی ئەو سەردەمەوە بۆ مەبەستی جیاجیاکانی بیناسازی لەئێراندا هەڵکۆڵراون نیشانەکانە کە نمونەی رۆژگاری ساسانییەکانەو بوونەتە سەرچاوە بۆ نەخشو نیشانەی هەڵکۆڵراوی رووی بەردەکان کە لەکۆمەڵەی تەختی سلێماندا هەن. ئەم نیشانانەش کە جیاجیا لەسەر رووی بەردەکان هەڵکۆڵراون بوونەتە سەرچاوە لای لێکۆڵەران بۆ تێڕوانین لەڕووی پێوانەی بەردەکان و هێڵە کۆنەکانی سەریان و نیشانە بەکارهێنراوەکانیان. ئەمانە لەئاسەوارە گرنگە جیاجیاکانن کە نیشانەی ئاینی و مەزهبی یان لەسەر هەن، یان بۆ جوانکاری نەخشێنراون، لەشێوەیاندا بەبەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتریدا دەچنەوە سەر هاوشێوەیەک. ئەو نەخشانەش بەزۆری هاوشێوەی پیتە نووسراوەکانی شارستانێتی سەردەمە کۆنەکانن، هەندێکیش لەو نیشانانە کە ناسراون لەبنەمادا پیرۆزن. لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بەردانەو پێوانەکانیانو شێوەکانیان کە لەناویانا شێوەی سروشتی ئاژەڵ نەخشێنراون، هەموو ئەمانە دەبنە بەڵگەنامە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەریان زۆرتر پێویستن. لای زاناکانیش ئەم نەخشانە هەردەم لێکۆڵینەوە لەسەریان کراوە.

لەم نووسینەدا هەوڵم داوە جگە لەناسینی نەخشە دۆزراوەکان لەبیناکانی ساسانی لەتەختی سلێماندا ئەو نیشانانەش پشت راست بکەمەوە کە لەبیناکانی لەقۆناغە جیاجیاکانی بیناسازی لەئێراندا هەڵکۆڵراون نیشانەکانە کە نمونەی رۆژگاری ساسانییەکانەو بوونەتە سەرچاوە بۆ نەخشو نیشانەی هەڵکۆڵراوی رووی بەردەکان کە لەکۆمەڵەی تەختی سلێماندا هەن. ئەم نیشانانەش کە جیاجیا لەسەر رووی بەردەکان هەڵکۆڵراون بوونەتە سەرچاوە لای لێکۆڵەران بۆ تێڕوانین لەڕووی پێوانەی بەردەکان و هێڵە کۆنەکانی سەریان و نیشانە بەکارهێنراوەکانیان. ئەمانە لەئاسەوارە گرنگە جیاجیاکانن کە نیشانەی ئاینی و مەزهبی یان لەسەر هەن، یان بۆ جوانکاری نەخشێنراون، لەشێوەیاندا بەبەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتریدا دەچنەوە سەر هاوشێوەیەک. ئەو نەخشانەش بەزۆری هاوشێوەی پیتە نووسراوەکانی شارستانێتی سەردەمە کۆنەکانن، هەندێکیش لەو نیشانانە کە ناسراون لەبنەمادا پیرۆزن. لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بەردانەو پێوانەکانیانو شێوەکانیان کە لەناویانا شێوەی سروشتی ئاژەڵ نەخشێنراون، هەموو ئەمانە دەبنە بەڵگەنامە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەریان زۆرتر پێویستن. لای زاناکانیش ئەم نەخشانە هەردەم لێکۆڵینەوە لەسەریان کراوە.

لەم نووسینەدا هەوڵم داوە جگە لەناسینی نەخشە دۆزراوەکان لەبیناکانی ساسانی لەتەختی سلێماندا ئەو نیشانانەش پشت راست بکەمەوە کە لەبیناکانی


نووسەر لە ئەشکەوتێکی مێژوویی ناوچەی خورماڵ

ئەم نیشانەیە تایبەتە بەتەلاری کۆڵەکەدار کەلەوەوبەر روونکردنەوەم لەسەردا بەناونیشانی جوانکارییەکانی گەچکاری کەڕووی بەردەکان زۆرینەیان کەفماڵ کرابوون.

فەرهەنگی چوارەم: یەکێک لەو شێوانەی کە لەنیشانەکانی تەختی سلێماندا هەیە دوو هێڵەکە کۆتایی هەریەکێکیان بەپێچەوانەی ئەویتر دێتەوە کە لەشێوەی (Z)یان(N)ی ئینگلیزیدان هەڵبەتە نموونەکانی ئەم جۆرە نیشانانە لەهەردوولا هەن، لەوانە هەندێکیان پیتە نووسراوەکانیان لەزمانە جۆراوجۆرەکاندا هاوشێوەن و ڕەگوڕیشەی دەرکەوتوویان دەچنەوە سەریەکو سروشتیی و مەنتیقیانە باسیانکردوون.

فەرهەنگی پێنجەم: لەبەستنەوەی هێڵە چەماوەکاندا لەناویاندا خاڵێک هەیە بوونەتە نیشانە بۆ ئەوانەی لەسنووری ناوچە دێرینەکەدا هەن. هاوشێوەی ئەم نەخشانەو شێوەکانیان لەجانەوەر (ئاژەڵ) بوونەتە هۆکار بۆ بەراوردکردنیان بەئاژەڵەکانی تری وەکو باڵندە و مار. ئەمانە نزیکن و لەهاوشێوەی ئەو نەخشانەش لەتەختی سلێماندا هەنو لەناوچەکانی تریشدا بەرچاو دەکەون.

فەرهەنگی شەشەم: شێوە جیاجیاکان و جۆراوجۆرەکان نیشانەن کە لە ژمارەدا لەوانی تر کەمترن لەم بەشەدا ماونەتەوە. نموونەی هەموو ئەو جۆرە نەخشانەش لەسنوورە دێرینەکەی رۆژگاری ساسانیدا هەبوون.

ئێمە لەم نووسینەدا بۆئ ەوە کۆششی دەکەین کە بازنە دەرکەوتووەکانی تەختی سلێمان لەگەڵ بازنەکانی گرووپەکانی تردا کەلەبەردەستدان پێوانە بکەین، چونکە بەپێی جۆرو توخم هاوشێوەن کە چەند ئاسەوارێکی بەرچەستەکراو نیشان دەدەن.

بابەتەکەش سەرچاوەکەی بەردە نەخشکراوەکانی تەختی سلێمانە. لێکۆڵینەوەش بۆ ڕێکخستنی نەخشەکان و بڕیاردان لەسەریان لەوانەیە کە لەسنوری تەختی سلێمان دا هەن بۆ ئەوەی ئەنجام بەدەستەوە بدەن.

سەرچاوە:
مجموعه مقالات همایش بین المللی باستان شناسی ایران: حوزه شمال غرب به کوشش دکتر مسعود لازنوش/ چاپ نخست /1383ص .143-141


دیمەنێکی ئێوارانی قەڵای هەولێر

تووندوتیژیی و دەسەڵات



ئیبراهیم ئەحمەدی

هزرڤانانی ئەڵمانیا لە پێشەوەی هەموشیانەوە هیگل لە پەیوەندی پتەوی نێوان تووندوتیژیی و دەسەڵاتیان کۆڵیووەتەوە، ئەمەش بە پشت بە ستن بە وشەی ئەڵمانی (Gewalt) کە مانای تووندوتیژیی و دەسەڵات لەیەک کاتدا دەگەیەنێت.

مانای وایە هیچ دەسەڵاتێک بە بێ تووندوتیژیی نییە و ئەو ڕەوایی خۆی بە بێ یاساکان دەسەپێنێت، بە پێچەوانەشەوە، هەر یاساکانیشن ڕەوایی بە دەسەڵات دەبەخشن، وەکو چۆن دەسەڵات بە تووندوتیژیی سیستم دەسەپێنێت، تووندوتیژیی و لێکەوتەکانی لە سەرکوتکردن، تیرۆر و جەنگەکان، بەردەوامی بە سیاسەتی ستەمکارانە دەبەخشێت، بەڵام بە شێوازی دیکە. لەمبارەیەوە ماوتسی تۆنگ دەڵێت: دەسەڵات لە لوولەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە زۆربەی کاتەکاندا تووندوتیژیی دەبێتە هێز و پشتیوانی بۆ دەسەڵات، ئەو کاتەی لاواز خۆی ڕادەستی ویستی بەهێز دەکات، کە هەڕەشەی لێدەکات و سەرکوتی دەکات، کە هەڕەشەکردن لەلایەن، کاریگەرییەکی کۆنەپەرستانەی هەیە، هەر بۆیە لەساتی گونجاودا تووندوتیژیی بۆ قۆڵ بادان و سەرشۆڕکردن بەکار دێنێت، کاتێکیش دەسەڵات لەسەر بەکارهێنانی تووندوتیژیی مۆکڕ دەبێت، مانای وا نییە بەردەوام ئەو بەهێزترە، بەڵام بەرجەستەکردنی بۆ تووندوتیژیی لەوانەیە ببێتە هۆی شکاندنی بەرخودانی نەیار و ناچارکردنی بەوەی سەری شۆڕ بکات. زۆربەی جارەکان دەسەڵات ئەو تووندوتیژییەی دەیگرێتە بەر، بە یاسا و ڕێسا، دەرکردنی بڕیار و فەرمانی ئەنجامدان و ئەنجام نەدان پاساویان بۆ دێنێتەوە، کە بە شێوەی سەرڕاست دەردەکەوێت و لەبەرژەوەندی بەهێز کار دەکات، بۆیە تووندوتیژی دەسەڵات ماوە ماوە شێوەیەکی یاسایی، بە بەرنامەکراو و ڕێباز بۆ دانراو وەردەگرێت، ئەمەش بە مەبەستی بەکارهێنانی هێز و کۆنترۆڵکردن، ئەگەر پێویست بکات دڵڕەقی و هەتا لەناوبردنی جەستەیش بەکار دەهێنێت. پێویستە ئامانجی بنەڕەتی دەسەڵات، نانەوەی دادپەروەری و یەکسانی نێوان خەڵکی و پاراستنی ئازادییەکانی بنەڕەتیی بێت، بێجگە لە پاراستنی ئاسایش و کەرامەتی خەڵکی، لەچوارچێوەی بنەما، پێوەر و یاساکان، کە سنوور لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە دادەنێت. هەرکاتێک دەسەڵات پاشەکشە بکات، یان دەستبەرداری یەکێ لە ئامانجەکانی بێت، کەش وهەوایەکی لەبار بۆ هەژانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووری و تەناهیی ساز دەکات. پەیوەندی نێوان تووندوتیژیی و دەسەڵات، پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و تەنگژەی گەورە لەبارەی چۆنیەتی شرۆڤەکردنی تووندوتیژی، دژە تووندوتیژیی، ڕەوا، نارەوا و پەیوەست بوونی بە دەسەڵاتەوە دەخاتە ڕوو. سەرنج دەدرێت کاتێک دەسەڵات دەگاتە لوتکەی تۆقاندن، دەست بە قووتدانی نەوەکانی دەکات، بەمەش دەسەڵات نامێنێت و دەبێتە مافیا. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا ناتوانین بڵێین دەسەڵات و تووندوتیژیی یەک شتن، لەبەر ئەوەی دەسەڵات و تووندوتیژیی دژ بە یەکترن، بۆیە زۆربەی جارەکان تووندوتیژیی دەسەڵات لەکاتی بوونی هەڕەشە لەسەری دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر تووندوتیژیی بەردەوام بێت دەسەڵات کۆتایی پێدێت، لەبەر ئەوەی وێرانی دەکات. کۆنۆڕ ئۆبریان، لە کتێبی (شانۆی هزرەکان) ئاماژە بە بۆچوونی جووتیارێکی شۆڕشگێڕی ئێرلەندی لە سەدەی نۆزدە دەکات و دەڵێت: هەندێجار تووندوتیژیی دەبێتە تاکە ڕێگەی گۆڕگرتن لە دەنگی میانڕەوی، ئەو کاتەی مەحاڵ دەبێت ئەو شتەی دەیەوێ بەدەستی بێنێت. لەو جۆرە حاڵەتەدا دەکرێ تووندوتیژیی بە چەکی چاکسازی زیاتر لە چەکی شۆڕش دابنرێت. ماکس ڤیبەر، پێی وایە دەسەڵات کاری تووندوتیژییە و ئامانجی ئەوەیە، نەیارەکانی ناچا ڕبکات گوێڕایەڵی داواکارییەکانی بن، مەرجی سەرەکی بوونی تووندوتیژییش ڕابەرایەتی کردنە، ئەگەر کرۆکی دەسەڵات ئەنجامدانی ڕابەرایەتی بێت، ئەوکات هیچ دەسەڵاتێک نابێت لە هێزەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، بەمەش ڕابەرایەتیکردنی دەسەڵات ئەو هێزە کارایە دەبێت، کە سیفەتی فەرمی داموددەزگایی هەبێت. زۆربەی جارەکان دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵات یان کۆمەڵێک وڵات، پەنا بۆ دەرکردنی بڕیاری سیاسیی دیاریکراو و گرتنەبەری شێوازی تووندوتیژی ناسنوردار دەبات، بۆ ئەوەی پرەنسیپی سیاسیی خۆی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا بسەپێنێت، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی تێیدا، لەوانەیە دەوڵەت، تووندوتیژیی لە پێناو سەپاندنی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای خۆی بەسەر هاوواڵتیان دا بەکار بێنێت. لەوانەیە هەندێ لایەنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆ هەمو تاکەکانی کۆمەڵگە دریژ بێتەوە و کۆنترۆڵی شێوازی ژیان، کار و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بکات، هەروەها دەسەڵاتەکانی دیکتاتۆریی، لەوانەیە پەنا بۆ کاری تیرۆریستی چەپەڵ ببات، وەکو لەناوبردنی نەیاران، تیرۆری سیاسیی، ڕفاندن، تەقاندنەوە، بەبارمتەگرتن و سووتاندن بە مادەی کیمیاوی، یان لەنێو کورەی کارەبایی، ئەنجامدانی قەسابخانەی بە کۆمەڵ و چەندان شێوازی دیکە ببات. ئەو تووندوتیژییەی دەسەڵاتەکانی دیکتاتۆریی پیادەی دەکات، تووندوتیژییەکی ڕێکخراوە و مەبەستی قڕکردنی دوژمن و نانەوەی ترسە لە ناخیاندا، زۆربەی جارەکان دەسەڵاتەکانی دیکتاتۆریی، یاسا و فەرمانەکان دەکاتە هۆکارێک بۆ سەپاندنی سزای تووند، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی فراوان بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس دەدات و سیستم، یاسا و دادگای شۆڕش بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانی دادەنێت، وەکو ئەوەی لەسەردەمی دەسەڵاتی تیرۆر لە فەرەنسا ڕوویدا، کاتێک ڕۆبسپێر، دیکتاتۆرێتی خۆی بەسەر ملیۆنەها فەرەنسی سەپاند، هەروەها هیتلەر لە ئەڵمانیا و ستالینیش لە ڕووسیا هەمان شتیان دووبارە کردەوە. لە وڵاتانی عەرەبیشدا، دووانەی تووندوتیژیی و دەسەڵات بوونێکی بەهێز و کارایان هەبوو، نەخاسمە دوای ئەوەی وڵاتانی عەرەبی لەناوەڕاستی سەردەی ڕابردوودا، سەربەخۆیی شێوەیان بەدەستهێنا و داموددەزگاکانی سەربازیی، بەرەو دەسەڵات، قۆرخکردنی دەسەڵات، هێز و بە سەربازییکردنی تاک، وڵات و کۆمەڵگە هەڵشکان و ڕژێمەکان بەرەو دیکتاتۆریەتی تاکی هەنگاویان نا، هاوشێوەی عێراق، سووریا، لیبیا و وڵاتانی تر. تووندوتیژیی چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەیە، لەهەموویان تووندتر سوور بوون لەسەر تووندیی، ڕەقی و بەردەوام بوون لەسەر چەوساندنەوەیە، دڵنێن تووندوتیژیی لە بەرد ڕەقتر، واتا بێ بەزەییە. ئەگەر هەندێجار تووندوتیژیی بە نائەنقەست و لەخۆڕا بێت، دڵڕەقی بە ئەنقەست، بە ویست و ئاراستەکراو بەرەو لاوازیی دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر نەیارەکەی کەللەڕەق بێت، یان نەتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات. تووندوتیژیی لە دڵڕەقی و بەکارهێنانی هێز جیایە، کاتێک بەکارهێنانی هێز بە ڕەوایی و یاسایی بێت، بەمەرجێک داوەرەکە شەرعی، دادپەروەر و بەهێز بێت، بەڵام مەرج نییە داوەر دڵڕەق و تووندبێت لە بەکارهێنانی هێزدا. دڵڕەقی بە واتایەکی تر بەکارهێنانی بە ئەنقەستە بۆ زیان گەیاندنی جەستەیی بەو کەسانەی، هەڵوێستیان لاوازە و لەبەردەم بەکارهێنانی هێز و گێرانەوەی ئەو ئازارە ئیفلیجن. زۆرجار ئازاردان پێچەوانەی تووندوتیژیی دەبێت یان دەبێتە ئامانجی، ئەوەش بەگوێرەی ئەوە دەبێت، کە بەکارهێنەری تووندوتیژیی هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام ناکرێ بەهیچ شێوەیەک پاساو بۆ بەرکاهێنانی هێز بهێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر تووندوتیژیی بە ئەنقەست بەرپا بووە. چەندین جۆرە ئازاردانی وەکو جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە، وەڵی ئازاردانی جەستەیی زۆربەی جارەکان ڕاستەوخۆ دەبێت، ئەوکاتەی مرۆڤ هێرش دەکاتە سەر مرۆڤێکی تر، بە هێز یان بەهۆی ئامرازێک، لەوکاتەی ئازاری دەروونی یان کۆمەڵایەتی دەستدرێژیی کردنە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆش هەندێجار، بۆیە هەندێجار کاریگەری لە کاریگەری ئازاری جەستەیی گەورەتر دەبێت، بەو گوزارشتەی سەرکۆنەکردن و کەمکردنەوەی مرۆڤە و کاریگەری دەروونی تووند و بەسۆی لێدەکەوێتەوە و مرۆڤ دەشکێنێتەوە. ڕاستییەکەی دەسەڵات بەردەوام چاو دەخاتە سەر ژمارە، کە عەبدوڕەحمان کەواکبی بە (ستەمکاری بچووک)ی ناو ناون، چونکە تەنیا لە ڕێگەی ئەوانەوە تووندوتیژیی بەکار دەهێنرێت، هەروەها تووندوتیژیی، پشت بە شێواز و ئامرازی سەرکوتکردن دەبەستێت، ئەوەش مانای وانیە دەسەڵات و تووندوتیژیی بەردەوام یەک شتن. لەمبارەیەوە حەننا ئارندت دەڵێت: دەتوانین وەسفی دەسەڵاتی ستەمکار بکەین بەوەی: هەموو لەدژی یەکن (ستەمکار)، کەچی دەتوانین وەسفی تووندوتیژیی زیادەڕەو بکەین بەوەی: یەک لە دژی هەموان. ڕاستییەکەی سەرکوتکردن بە بێ ئامرازی سەرکوتکردن، ئەو تاکانەی بەکاری دێنن و دەرباز بوون لێی هەرگیز نابێت. دەتوانین بڵێین دەسەڵات تاکڕەوی نیە، کاتێک دەڵێین تاکڕەوی ئاماژە بەوە دەکەین، ئەو تاکە لەلایەن کۆمەڵێک کەس پشتیوانی لێکراوە بۆ ئەوەی ستەمکار بێت، بۆیە ئەگەر گروپ کە دەسەڵات بەدوایدا دەگەڕێ ونبوو، ئەوکات دەسەڵاتی تاکی ستەمکاریش ون دەبێت، لەبەر ئەوەی هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکار تەنیا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تووندوتیژیی سەرناکەوێت، بەڵکو بەهۆی هاوکاری نێوان ستەمکارە گەورە و بچووکەکانیش سەردەکەوێت، کاتێک ستەمکارەکان کەس نابێت پشتیوانیان لێ بکات و چەپڵەیان بۆ لێبدات، هیچ پاساوێک بۆ بەکارهێنانی تووندوتیژیی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو نابێت، بەمەش ستەمکار هێز و هەژمونی خۆی لە پێکهاتەی تایبەتی خۆی بەدەست ناهێنێت، بەڵکو لە لاوازی کۆمەڵگە، پەرتەوازەیی گرووپەکان، نەبوونی هۆشیاری، ڕێکخستن و یەکڕیزیان بەدەستی دێنێت، بێجگە هەستکردنیان بە ئیفیلیجی لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی، ئەمانە یارمەتی ستەمکار دەدەن، سنوری هەژمونی خۆی بە یارمەتی ستەمکارە بچووکەکان و دار و دەستە و شیوێنکەوتووانیان لە بەرکرێگیراوەکان فراوانتر بکات. کەواتا تووندوتیژیی و دەسەڵات، دوو تای یەک تەرازوون، بۆ درێژکردنەوەی مێژووی ستەمکاریی، سەرکوتکردن و قۆڵ بادان، هەروەها ڕوویەکی تری تیرۆرە، کە مرۆڤەکان بەسەر یەکتریدا دەیسەپێنن، تیرۆریش بەهەر شێوە و سەرچاوەیەک بێت، تووندوتیژیی سیاسییە، بەو گوزارشتەی لە بەها و پێوەری مرۆیی دەردەچێت، وەکو چۆن لە شێوازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی باو و دانراویش دەردەچێت، لەبەر ئەوەی ڕەوا نییە و ئامانجی ڕزگاربوونە لە زیادەڕەوی بەرامبەردا، بەبەکارهێنانی هەموو ئامراز و شێوازەکانی قڕکردن و کاولکردندا. چەندین هۆکاریش هەیە دەبنە پاڵنەری تووندوتیژیی سیاسیی، کە لە شوێنێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە زەمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیایە، لە سەرووی هەموشیانەوە هەستکردنە بە بێ هیوایی، کە لە ئاکامی هێدمە بەهۆی بەدی نەهاتنی هیوا، ئاوات، خواست و ئامانج سەرهەڵدەدات، هەروەها دووبەرەکیی، مللمانێیی کۆمەڵایەتیی، ستەمکاری دەسەڵاتداران و سەرکوتکردنی لە ڕادەبەدەر لەسزادان، بێ گەرانەوە بۆ هۆکاری ڕاستەقینەی شاراوەی پشتەوەی تووندوتیژییش، کە دەبنە هۆکاری بێ هیوایی، کە بەزۆری لە ئاکامی نەبوونی دیموکراسیی، فەرەیی و ڕێزگرتن لە ڕا و ڕای بەرامبەر سەر هەڵدەدات.

و: ڕەمزی میرەکانی

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی **1856**:
لە هۆڵی شانۆی نۆرد لە واشنتۆن ، ئەبراهام لینکۆڵنی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا تیرۆر کرا.



سالی **1961**:
لە جەنگی کەنداوی بەرازەکاندا ، ئەمەریکا فرۆکەخانەکانی کوبا و گەرەکەکانی هاڤانای بۆردومان کرد.



سالی **1989**:
بە مەبەستی داواکردنی دیموکراسی و چاکسازی ، قوتابیانی چین هەڵڕژانە مەیدانی تیانانمین .



سالی **2010**:
قربان بیگ باقایفی سەرۆکی پێشووتری قرغیزیا دەستی لەکار کێشایەوە و ڕووی کردە کازاخستان .



سالی **2013**:
لە کاتی بەرێوەچوونی ماراسۆنی بۆستن لە ئەمەریکا ، تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا 3کەس گیانیان لەدەست دا و 100کەسی دی بریندار بوون .



سالی **2018**:
لوتکەی عەرەبی ژمارە 29لە زەهرانی سعودیە دەستی بە کارەکانی کرد .



کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لە ئاست رووداوەکانی ئەم دواییەی سوودان

ئا: خالید گەردی

لەدەسەڵات لادانی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان لەژێر گوشاری خۆپیشاندەران لەلایەن سوپای ئەو وڵاتەوە کە هەر لە ساڵی (1989)وە لە ڕێگای ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازییەوە جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتی کەوتە دەست، کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوایدا خۆیدا هێنا، وا لەخوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەندێکیان.

نەتەوە یەکگرتووەکان

ئەنتۆنیو گوتیریشی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا، ئەگەرچی خۆی لەسەرکۆنەکردنی کودەتا سەربازییەکە بەدوور گرت، بەڵام داوای لە ئەنجومەنی سوپا کرد ئاکامی پرۆسە ڕاگوزارییەکە لە ئاست خواستی دیموکراتخوازانی گەلی سودان بەکۆتا بێت.

یەکێتی ئەفریقا: ئەنجامدانی کودەتا چارەسەری گونجاو نییە

موسا فەقی سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەفریقا لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەی لە کودەتای سەربازی لە دژی بەشیر گرت و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن سوپای بە چارەسەرێکی گونجاو نەزانی لە ئاست ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی سوودان و گەلەکەی بۆتەوە، ئاماژەی بەوەشداوە ئەنجوومەنی ئاشتی و ئاسایشی سەر بە یەکێتی ئەفریقا بەمەبەستی تاوتوێ کردنی ڕەوشەکەو گرتنەبەری بڕیاری پێویست بە پەلە کۆدەبێتەوە، داواشی لەلایەنەکان کرد لە پێناو بەدی هێنانی ئاوات و خواستەکانی گەلی سودان گێڕانەوەی سیستەمی دەستووری لە زووترین کاتدا، دەست بە وتوێژی هەمەلایەنە بکەن.

ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیا داوای پێکهێنانی بەپەلەی حکومەتێکی مەدەنی دەکەن

ڕوبەرت بالادینوی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندا وڵاتەکەی داوا لە دەسەڵاتی ڕاگوزاری دەکات دان بە خۆیاندا بگرن و بوار لەبەر دەم بەشداری کردنی مەدەنییەکان لە حکومەتی داهاتوو خۆش بکەن، چونکە گەلی سودان بەڕوونی داوای حکومەتێک دەکات کە لایەن کەسانی مەدەنییەوە بەڕێوە بچێت، پێویستە ئەمەش زۆر لە ماوەی دووساڵ کەمتر بەدی بێت.ئانیس فان دورمولی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنساش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند وڵاتەکەی لە نزیکەوە بەدواچوون بۆ گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی سودان دەکات، هیواشی خوات گوێ لە داخوازی گەلی سودان بگیرێت و گۆڕانکارییەکان دوور لە تووندوتیژی بەدی بێت.جیریمی هانتی وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش لەلای خۆیەوە ڕایگەیاند، مانەوەی ئەنجوومەنی سەربازی لە لوتکەی دەسەڵات بۆ ماوەی دووساڵ، بەدەنگەوەچوونی داواکاری گەلی سودان نییە، پێویستە

بەخێرایی هەنگاو بەرەو پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی بنرێت کە نوێنەرایەتی گەل بکات.

ڕووسیا: ئەوەی لە سوودان ڕووەدات کارێکی نێوخۆییە

دمیتری بیسکوفی وتەبێژی کرملینیش لەبارەی ڕووداوەکانی سودان ئاماژەی بەوە دا؛ گۆڕانکارییەکانی نێو وڵاتی سوودان کارێکی نێوخۆییە، مۆسکۆ تەنیا هیواخوازە ڕەوشەکە بەرەو گێڕانەوەی دەستوور بچێت.

ئەردۆگان: هیواخوازە سودان بەرەو پرۆسەیەکی دیموکراتیانەی سروشتی هەنگاو بنێت

ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیاش لەمیانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، هیوای خواست سوودانییەکان لەکەشێکی برایانە بەسەر ئەو دۆخەی ئێستا زاڵ بن، لەبارەی شوێنی عومەر بەشیریش کە هاوپەیمانی نزیکی تورکیا بوو، کە سەرەڕای ئەوەی ناوبراو لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی داواکراو بوو بەتومەتی ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەم ئامادەی کردنەوەی فرۆکەخانەی ئەستەمبول بوو، ئەردۆگان گوتی لەبەر نەبوونی زانیاریی بڕوا پێکراو شوێنەکەی نازانرێت، گوتووشی لەو بڕوایەدام وڵاتی سودان کە زۆر بەدەست کودەتای لەمجۆرە نالاندوویەتی بەرژەوەندی بالای نیشتیمانیی لەبەرچاو بگرێت و بەرێگایەکی ئاشتیانە ئەو دۆخە تێ دەپەڕێنێت.


کاردانەوەی وڵاتە عەرەبییەکان سنووردار بوو

لە کۆی 22وڵاتی عەرەبی جگە لە کۆمکاری عەرەبی، تەنیا وڵاتی میسرو دەوحەو بەحرەین و مۆریتانیا و قەتەرو تونس و ئەردەن لێدوانیان لە بارەی ڕەوشی سودان دا، کە هەر هەموویان تەنیا جەختیان لەسەر ڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلی سوودان کردەوە داواشیان کرد بە وتوێژو ڕێگایەکی ئاشتیانەو دوور لە خوێن ڕشتن هەنگاو بەرە بەدی هێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلی سودن بنرێت، هەروەها پاڵپشتی خۆیان بۆ گەلی سودان و پارێزگاری لەسەروەریی ئەو وڵاتە دووپات کردەوە.

نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، داوای بەدەستەوەدانی عومەر بەشیر دەکات

نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێستای سودان کرد، هاوکاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەن سەبارەت بەو یاداشتە دەستگیرکردنەی کە ((15ساڵ پێش ئێستا لەلایەن دادگاکەوە لە دژی عومەر بەشیری سەرۆکی پێشووی سوودان تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ، دەرکراوە.هەر لەمبارەیەوە رافینا شامداسانی وتەبێژی نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ مافی مرۆڤ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لە جنێف، هانی دەسەڵاتدارانی سودانی دا بەتەواوی هاریکاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکەن لەبارەی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کە لەساڵی 2005 لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش دەرکراوە.

سەرچاوە:ئاژانسەکانی هەوال





عومەر بەشیر کێیە؟

ناوی عومەر حەسەن ئەحمەد ئەلبەشیرە.
لە 1ی یەنایەری 1944لە گوندێکی بچووک بە ناوی حوش بانقا لە ڕیفی شندی لە سودان لەدایک بووە .
سەر بە هۆزی بەدیری دەهمەشیە کە یەکێکە لە هۆزە بەربڵاوەکان لە هەرێمەکانی باکور و ڕۆژئاوای سودان .
لە 30یۆنیۆی 1989سەرکردایەتی کودەتایەکی سەربازی کرد لە دژی حکومەتێکی دیموکراتی هەڵبژێردراو بە سەرۆکایەتی سادق مەهدی .
سەرۆکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی سودانی بووە و لە ساڵی 1989تا 2019سەرۆکی سودان بووە .
ساڵی 1967زانکۆی جەنگی سودانی تەواو کردووە .
ساڵی 1981بروانامەی ماستەری لە زانستە سەربازیەکان لە کۆلێژی سەرکردەکان و ئەرکان وەرگرتووە .
ساڵی 1967تا 1969لە سەرکردایەتی ڕۆژئاوا کاری کردووە .
ساڵی 1987تا 1989وەک سەرۆکی لیوای 8ی پیادە کاری کردووە .

مانشێت



سکای نیوز:
لە یەکێک لە یانە شەوانەکانی شاری میلبۆرنی ئوستڕالیا ڕووداوێکی تەقەکردن ڕوویدا و لە ئەنجامدا پۆلیسێک کوژرا و سێ کەسی سڤیل بریندار بوون .



ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی :
بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر ، لە شاری مەدریدی ئسپانیا بەرپرسی پێشووی دەزگای هەواڵگریی ڤەنزویلا دەستگیر کرا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دۆنالد ترامپ هەڕەشەی ناردنی پەنابەرە نایاساییەکانی بۆ ئەو شارانە کرد کە بە پێگەی سەرەکی پارتی دیموکرات ناودەبرێن .

ئەی ئێف پی:
حکومەتی ئیکوادۆر ڕایگەیاند دوای کێشانەوەی ڕەگەزنانە لە دامەزرێنەری مالپەڕی ویکیلیکس ، کەوتۆتە بەر چەندین هێرشی ئەلیکترۆنی .



ڕۆیتەرز:
پۆلیسی لەندەن تەقەی لە ئۆتۆمبیلێک کرد کە بە ئەنقەست خۆی بە ئۆتۆمبیلی بالیۆزی ئۆکرانیادا کێشابوو .



سی ئێن ئێن:
لەبەردەم کۆشکی سپی لە واشنتۆن، کەسێک ویستی خۆی بسوتێنێ ، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا
دیمەنی (کونێکی ڕەشی مەزن) کەوتە بەرچاوی فەلەکناسان



لە دەستکەوتێکی یەگجار زۆر گرنگ و لە ڕێگەی پرۆژەیەکی فەلەکی هاوبەشی ناسراو بە (Event Horizon Tele-scope) واتە (تلسکۆپی ئاسۆی ڕووداو) توانرا بۆ یەکەمجار لە مێژووی زانستی فەلەکناسیدا، یەکەم گرتەی فۆتۆگرافی بۆ (کونێکی ڕەش-Black Hole) وەربگیرێت!

ئەو تەنە ئاسمانییە سەرسامکارە دەکەوێتە ناوجەرگەی گەلەستێرەی زەبەلاح و نائارامی ناسراو بە (M87) و لە ڕێگەی دەرچوونی بارستەیەکی گازیی یەگجار زۆر گەرمی فڕەدراوی نامۆ لە نزیک ناوچەی ناسراو بە (ئاسۆی ڕووداو) ەکانی کونە ڕەشەکەیە خۆی ئاشکراکرد.

ئەو بارستە گازییە یەگجار زۆر گەرمە فڕەدراوە بۆ یەکەمجار لە ڕێگای (تلسکۆپی ئاسمانیی هابڵ) لە ساڵی 1999دا دۆزرایەوەو بینرا، وە دەرکەوت درێژاییەکەی دەگاتە 1000 ساڵی ڕووناکی، بەڵام بێ ئەوەی خودی کونە ڕەشەکە ببینرێت.

لە ڕووی فیزیای فەلەکیدا چۆن دروست دەبێت؟

بەپێی شیکردنەوە فیزیاییەکان، ئەو ئەستێرەیەی کە بارستاییەکەی وەکو خۆرە، سەرەتاکەی لە سەر شێوەی خولانەوەی پەلەگازی سەرەتایی دستپێدەکات و ئەستێرەیەکی تازەمان بۆدروست دەکات، بە بەسەر چوونی کات ئەستێرەکەی لە ئەنجامی کارلێککردنی پێکەوەلکانی چوار ئەتۆمی هایدرۆجین لە ناو جەرگەی ئەستێرەکە بە یەکدی دەکەون و پێکەوە دەلکێن، لە دەرەنجامدا وزە دەردەچێت و یەک ناووکی هیلیۆم دەمێنێتەوە.

هەڵبەتە دوای ملیۆنەها ساڵ ئەم سووتەمەنییەش کۆتایی پێدێت و خۆڵەمێشی (هیلیۆم) پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر دڵی ئەستێرەکە، بەمەش پلەی گەرمی زۆر بەرزدەبێتەوەو دڵی ئەستێرەکە هیلیۆمیش دەکاتە سووتەمەنی، لەوکاتە خۆڵەمێشی توخمی قورستر دەنیشێتەوە وەکو کاربۆن، لێرەدا مەلمالانێی نێوان (هێزی تێشکدانەوە) و (هێزی کێشکردنی قورسایی) دەستپێدەکات، لە ئاکامدا چینە دەرەکییەکان و بەشە ناوەکییەکانی ئەستێرەکە لەیەک دەکشێ و قەبارەی زۆرگەورە دەبێ، ڕەنگی سوور دەبێ و پلەی گەرمیی ڕووەکەی نزمتر دەبێتەوە، ئالەم قۆناغەدا ئەو ئەستێرە شەڕەژاوە بە (نەفرەنجای سوور) دەناسرێت.

لەم ساتەدا چینی دەرەوەی ئەستێرەکە لەئەنجامی تەقینەوەیەک لە جۆری لە بۆشایی ئاسماندا بەرش و بڵاو دەبێتەوە، پاشماوەی ئەستێرە تەقیوەکەش زیاتر بەسەر خۆیدا چڕدەبێتەوەو ئەستێرەیەک لە تەوقێکی گازیی سەرسام لە بۆشایی ئاسماندا پەرش و بڵاو دەبێتەوە، پاشماوەی ئەستێرە تەقیوەکەش زیاتر بەسەر خۆیدا چڕدەبێتەوەو ئەستێرەیەک لە جۆری (گرگنە سپییەکان) مان بۆ دروست دەکات، ئەم جۆرە ئەستێرانەش بە قەبارە زۆر بچووکن، بەڵام چڕیان زۆر بەرزەو پلەی گەرمی ڕووەکەیان ئێگجار نزمە.

> بارستایی ئەو کونە ڕەشە ئێستا گەیشتۆتە سنووری 6ملیارو 500 ملیۆن جار ئەوەندەی بارستایی خۆری خۆمان، لە کاتێکدا کە بارستایی خۆر 333000جار ئەوەندەی بارستایی زەوییە، وە دووریی گەلەستێرەی (M87) کە هەروەها ناسراوە بە (Virgo A)لە زەوی دەگاتە سنووری 55ملیۆن ساڵی ڕووناکی!
> "بەڕاستی دەستکەوتێکی گەورەو بێ وێنەی تیمی تلسکۆپی EHT، چونکە بە دریژایی چەندین ساڵی پێشوو ئێمە وامانەدزانی کەوا پێویستە لەسەرمان تلسکۆپێکی ئاسمانیی زۆر گەورە لە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی زەوی دروست بکەین بۆ بینینی یەکێ لەو تەنە سەرسامکارانە، بەڵام ئەم تیمە خەونی دەیان ساڵی زووتر بۆمانی هێنایە دی"، لە زاری (پۆڵ هێرتز) ی بەرپرسی (بەشی فیزیای فەلەکی) لە ئاژانسی (ناسا) لە (واشنتن).

ئەستێرەکە ماوەیەک بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، کە هەندێ لە زانایان دەڵێن بەلایەنی کەم 10.000ساڵ بە شێوەی گرگنی سپی دەمێنێتەوە، ئینجا لە کۆتاییدا ئەوەندە وزە کەمەی کە لەسەر شێوەی تیشکی ژێرەوەی سوور ئەنجامی داوە کۆتایی پێدێت و ئەستێرەیەکی مردوی ناسراو بە(گرگنی ڕەش) ی لێرە دروست دەبێ و ئەوساتە بەتەواوی هیچ جۆرە چالاکییەکی گەرمی و تیشکی نامێنێت لەبەر چاوان ون دەبێت!

فەلەکناسان دەڵێن خۆر لە داهاتوودا ڕەنگە بە هەمان ئەم قۆناغانەدا تێپەڕێت و تەلەسکۆپەکانی سەرزەمینی و هابڵی ئاسمانیش بە تایبەتی، دەیان و سەدان شوێنگەی تەقینەوەی ئەمجۆرە ئەستێرانەی دۆزیوەتەوەو وێنەیانی گرتووەو زانیارییەکی زۆریشمان لەو بارەیەوە دەستکەوتووە، لەوانە بۆ نموونە پەلە گازی (زەنگی لاڵ) و (پەلە گازی ئەڵقەیی) لەنێو کۆستێرەی (لایرا).

لەلایەکی دیکە، ئەو ئەستێرەیەی کە بارستاییەکەی دووجار ئەوەندەی خۆر بێت یان زیاتر، ئەوا دوای کۆتایی هاتنی سوتەمەنییەکەی، بەهەمان پڕۆسەی ئەستێرەکانی پێشوودا تێدەپەڕێت، بەڵام لە دەرنجامی زنجیرە کارلێکردنە ناووکییە یەگجار توندو مەزنەکاندا، توخمی زۆر قورستری وەک (ئاسن) و (نیکل) لەسەر شێوەی خۆڵەمێش لەسەر دڵی ئەستێرەکە دەنیشنەوە، ئیدی شڵەژانی ئەستێرەکە دەست پێدەکات و وردە وردە قەبارەکەی گەورەتر مەزنتر دەبێ، ئەگەر حاڵەتی پێشوو بە (نەفرەنجای سوور) بناسرێت، ئەوا ئەم ئەستێرەیە لەم قۆناغەدا بە (نەفرەنجای مەزنی سوور) ناوزەد دەکرێت و قەبارەی هێندە گەورە دەبێت تاڕادەیەک ئەگەر هاتوو یەکێکمان لەوانە هێناو لە شوێنی خۆرمان دانا، ئەوا هەسارەکانی وەکو عوتارد و ناهید واتە (زوهرە) و زەوی و (مەریخ) دەکەونە نێویدا، وە نموونەی ئەم نەفرەنجایانە گەلێ زۆرن وەکو ئەستێرەی (دڵی دووپشک و بیتیلجیوز و سوهەیل) .... هتد .

ئەم ئەستێرانە کۆتاییەکانیان زۆر کارەسات ئاسایە، کە بریتییە لەتەقینەوەیەکی ئێگجار گەورە و بەهێز کە بە تەقینەوەی (سوپەر نۆڤا) یی دەناسرێت و لە ئەنجامی ئەم تەقینەوەیە چینە دەرەکی و ناوەکییەکانی ئەستێرەکە لە ئاسماندا پەرش وبڵاو دەبنەوە، ڕووناکییەکەی ملیۆنەها جار ئەوەندەی بەر لە تەقینەوەکەیدا بەهێزتر دەبێ و (شەپۆلی بەرکەوتن) ی دوای تەقینەوە کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گازە گرگرتووەکان، هەرچی لەپێشیدا بێت ڕایدەماڵێ و تەفرو تونای دەکات، جا خوانەکات هەسارەیەک لەبەردەم ئەم شەپۆلەدا بێت !

کاتێک ئەم پرۆسەیە کۆتایی پێدێ، هێزی کێشکردن پاشماوەی دڵی ئەستێرەکە زیاترو زیاتر بەسەر خۆیدا چڕدەکاتەوە تاڕادەیەک بۆشایی فراوانی نێوان ئەلیکترۆنەکانی دەوروبەری ناوکدا ون دەبن و ئەوەی لەکۆتایدا لێی دەمێنێتەوەو لە هەمان کاتیشدا (پرۆتۆن) ەکانیش نامێنن و تەنها (نیترۆن) دەمێنێتەوە، بۆیە ئەم تەنە ئاسمانییە سەیرو سەرنجڕاکێشە لەم قۆناغەدا بە (ئەستێرەی نیترۆنی) دەناسرێت.


لەئەنجامی نەمانی بۆشایی ئەلیکترۆنەکانی دەوروبەری ناوکدا، مادەی ئەم ئەستێرەیە زۆر چڕو قورس دەبێ، تاڕادەیەک کێشی یەک سانتیمەتر سێجا لە مادەی ئەم ئەستێرەیە دەگاتە یەک ملیۆن تەن لەسەر هەسارەی زەویدا. بەڵام حاڵ بەمە ناوەستێ، بەڵکو ئەم ئەستێرە نیترۆنییە کە تیرەی تەنها 11 کیلۆمەترە، زیاتر بەسەر خۆیدا چڕدەبێتەوە، تا لە کۆتاییدا تەنێکی ئاسمانی سەرنجڕاکێشترمان بۆ دێنێتە ئاراوە، تەنێکە تا بەم دواییەش بە ڕاستەوخۆ نەدەبینرا، بەڵام هەست بە هێزی کێشکردنی دەکرا لەسەر تەنەکانی دەوروبەریدا، ئەمەشیان (کونی ڕەش)ە.

بەکورتی ئەم تەنە ئاسمانییە بریتییە لە شوێنگەیەک لە (کات و شوێن) دا تەنانەت تیشکی ڕووناکیش بە خێرایی 300.000کم لە یەک چرکەدا ناتوانێ لە ژێر چنگی هێزی کێشکردنیدا ڕزگاری بێت، ئینجا خوێنەری بەڕێز، هەرگیز مەبەنە بەرچاوت کەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان هەسارەیەک بەدەوری ئەم ئەژدیها نادیارەدا بخولێتەوە!

فەلەکناسان چەندین بیرو بۆچۆنی جیاجیایان هەیە دەربارەی چۆنییەتی مامەڵەکردنی (کونی ڕەش) بۆ ئەو مادەیەی کە دەیلووشێنێ و ئاخۆ چارەنووسی ئەو مادەیەبە چێ بەسەر دێت، بەڵام هیچ کامێک لەم بۆچوونانە بە بەڵگە نەسەلێنراوە، هەربۆیە، ئەو تەنە گەردوونییە بێ هاوتایە تاوەکو ئێستا وەکو مەنترین مەتەڵ و نهێنی بێ وەڵام ماوەتەوە.

و. ئەژی چەتۆ حەسەن

سوودی کەشناسی و ڕوانگەکردنەکانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا



لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ هەست بە کاریگەری و گۆڕانکارییەکانی کەش و ئاوو هەواو لەهەمان کاتدا نکۆڵیی لە ڕۆڵی بەرچاوی (زانستی کەشناسی) بکرێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا، بەو پێیەی لە ڕێگەی ئەم زانستە پڕ بەهایەی کە خوای گەورە بە ئێمەی ئادەمیزاد بەخشیوە، زانیاری وردو گرنگ دەربارەی بارودۆخەکانی کەش و هەواو کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانماندا وەدەستدێنین.

زانستی کەشناسی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بارودۆخ و دیاردانەی لەنێو بەرگە هەوای زەویدا دەبینرێن و ڕووددەن و بێگومان دەرەنجامەکانی سوودێکی یەگجار زۆری هەیە بۆ ئادەمیزاد، لەوانە:

بوارەکانی فڕین

هەموو فڕۆکەخانەکانی جیهان پشتیان بەستووە بەو خزمەتگوزاریانەی کە لە ڕێگەی وێستگە کەشناسییە تایبەتییەکانی خۆیان، یان حکومییەکانەوە بەدەستیان دەگات، لەوانە، ئاگادارکردنەوەیان لە گۆڕانکاریی و پێشهاتەکانی کەش و هەوا لە ماوەی دیاریکراودا، ئەوەش لەپێناو دوورخستنەوەی هەر ئەگەرێکی مەترسیداری خوانەخواستە کەوتنەوەی ڕووداوەکان لەکاتی فڕیندا.

کەرتی کشتوکاڵیی

هەڵبەتە ئەم کەرتە یەکێکە لەوانەی لە زۆر بواردا پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەو ڕوانگەکارییە کەشناسییەکانەوە، وەک پێشبینیکردنی باری کەش و هەوایی سەختی وەک (کەوتنی شەختەو بەفرو ڕووداوی لافاو و تەوژمەکانی وشکاوەتی و کەمبارانی) یاخود داتای تایبەت بە پلەی گەرمیی خاک و خۆڵ و ڕادەی شێ و جوولەو خێرایی با...هتد، کە کاریگەریی بنەڕەتییان هەیە لە بوارو بەرهەمی کشتوکاڵیدا.

ژیان و چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤ

بارەکانی کەش و هەوا کار دەکەنە سەر هەموو چالاکییەکانی ڕۆژانەی ئێمەی ئادەمیزاد، وەک کارتێکردنی لەسەر باری ڕێگاوبان و هەڵبژاردنی جۆری جل و بەرگ و ئەنجامدان یان نەدانی گەشت و سەفەرەکان و تەندروستی گشتی و بەکارهێنانی سیستەمەکانی گەرم و ساردکردنەوەی ماڵ و شوێنی کارکردن و شوێنە گشتییەکان بەپێی کەش و هەوای ڕۆژانە، هەر بۆیە، بڵاوکراوەکانی ڕۆژانەی کەش و هەوا یارمەتیمان دەدەن لە خۆئامادەکردنمان بۆ هەر ئەگەرێک، وەک نزیکبوونەوەی بارودۆخێکی کەش و هەوایی ناهەمواری وەک بەفربارین و دروستبوونی شەختەو تەم کە بە شێوەیەکی سەرەکیی کاردەکەنە سەر ڕێگاوبان و هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەتی و گشتی، جا چ لە ئاسمان یان لەسەر وشکانی و یان لەنێو دەریاو زەریاکاندا.

بڵاوکراوەکانی کەشناسیی یارمەتی دەدەن لە هەڵبژاردنی چاکترین ڕێگا بۆ مامەڵەکردنی لایەنە بەرپرسەکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و کاردانەوەیان لەسەر چەندین لایەنی دیکە، وەک بڕیاردانی ڕشاندنی (خوێ) لەسەر ڕێگاوبانە بەبەفر داپۆشراوەکان و دەرکردنی ئاگادارییەکانی خۆپارێزی لەنێو شارو لەنێو چیاکان لە هەڕەشەی ڕووداوی کارەساتی وەک داڕمانی بەفرینیی.

لە بواری وزەدا

لەم سەردەمەی ئێستاماندا، سەرچاوەی (وزە نوێبووەوەکان) پشت دەبەستن بە زانستی کەشناسی، بۆیە دەتوانرێ شێوەوە ڕێگاکانی وەبەرهێنان لەبوارەکانی دەستکەوتنی وزەی کارەبا بەهۆی خۆر و با و شەپۆلەکانی دەریاو زەریاکان لەسەر بنەمای سوود وەرگرتنی پێشوەختە لە داتاو لێکۆڵینەوە کەشناسییەکانەوە دەستەبەر بکرێن.

هەروەها، بواری بەکارهێنانی گازو کارەبا، کە گرنگترین دوو سەرچاوەی ئێستای وزەی جیهانین، پشتیان بەستووە بە بارەکانی کەشناسییەوە، بە تایبەتیش لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا، بە شێوەیەک کە لە ڕێگەی پێشبینییەکان و لێکۆڵینەوەکانی کەشناسیدا، دەتوانرێ ڕێگە بگیرێت لە ئەگەری پچڕانی تەزوو یان سەرچاوەکانی وەوەدستهێنانی تەزووی کارەبا، بە تایبەتیش لە کاتە هەرە ساردەکانی ساڵدا.

بواری دەریاوانیی

بێگومان ئەو بوارەش پشتی بەستووە بە لێکۆڵینەوەو پێشبینییە کەشناسییەکان، بەهەمان شێوەی فڕۆکەخانەکان، بەو پێیەی کە بەندەرو دەزگای تایبەتی دەریاوانی بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕانەوە، بڵاوکراوەی کەش و هەواو هەموو گۆڕانکارییەکانیان پەخش دەکەن، ئەوەشیان هەر لە پێناو ئەنجامدانی گەشتی دەریاو زەریاوانی بێ گرفت، یان بەلایەنی کەم، کەمکردنەوەی دوا ئاست بۆ کارتێکردنی هەر جۆرە کەش و هەوایەکی تووندو مەترسیداردا، وەک دروستبوونی گێژەڵووکەو ڕەشەبایەکان.

www.xebat.net
خەبات دووشەممە 2019/4/15 ژمارە (5730)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

تیسیا جینێر: بۆیە شەترەنج دەکەم چونکە دەمەوێ خۆم بڕیار لەسەر خۆم بدەم



تیسیا جینێر Ticia Jennerکچە شەترەنجزانی وڵاتی مەدغشقەر هێشتا تەمەنی نەبۆتە 16ساڵ، لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی خەبات رایدەگەیەنێت کە ئەو بۆیە لەنێو هەموو وەرزشەکاندا شەترەنجی هەڵبژاردووە، چونکە تێدەگات شەترەنج زۆرترین سوودی بۆ مرۆڤ هەیە.
تیسیا کە ئێستا قوتابی ئامادەیی دەڵێت: شەترەنجم بۆیە هەڵبژارد، چونکە یارییەکی هزریە، هەر زوو لەگرنگگی ئەو یارییە تێگەیشتم، من زۆر حەز بەبیرکردنەوە دەکەم، هەر خۆشم حەزدەکەم دوای بیرکردنەوە چ بڕیارێک بدەم، نامەوێ کەسانی تر بڕیارم بۆ بدەن، کاتێک منداڵ بووم زۆر جۆرە وەرزش هەبوو کە بیکەم، هەندیکیانیشم کرد و ئێستاش بەردەوامم، بەڵام ئەوەی کە تائێستا لەسەری بەردەوامم و بایەخی تایبەتی پێدەدەم وەرزشی شەترەنجە، شەترەنج زۆر یارمەتیدەرم بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژانەمدا، بۆیە شەترەنجم هەڵبژارد چونکە ئەو هەستەم خۆش دەوێ کاتێک بەخۆم بڕیار لەسەر هەموو شتێک دەدەم، بۆ هەرکۆیەک بچم هەر خۆم بڕیاردەدەم، پێویستم بەوە نییە کێ بڕیارم لەسەر بدات، شەترەنج کەسایەتییەکت بۆ دروست دەکات کە لەبڕیارداندا بڕوات بەخۆت هەبێت، کەواتە شەترەنج بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی رۆژانەمدا و هەست بە ئاسوودە یی دەکەم کاتێک ئەو یارییەدەکەم.





سبەی دی یۆنگ بەرامبەر یۆڤی یاری ناکات

فرینکی دی یۆنگ یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی لە دوا یاریی یانەکەی لە خولی وڵاتەکەی دووچاری پێکان بوو، بەمەش ناتوانێت بۆ یارییەکەی سبەی بەشداری کات کاتێک لە یاریی گەڕانەویە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا رووبەڕووی یانەی یۆڤینتۆس دەبنەوە.
جێی باسە دی یۆنگی تەمەن 21ساڵ لەیاریی چوونیان بە ئاستیکی بەرز دەرکەوت و ئەیاکس بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوون، چونکە گومانەکان زۆرن لەوەی نەتوانێت بەرامبەر یۆڤی یاری بکات.

چانسی بەرشلۆنە زیاترە

ریال و بەرشلۆنە و سان جیرمان بەدوای یاریزانیکی ژاپۆنیەوەن



هاوار مورتکەیی
هەریەک لە یانەکانی ریال مەدرید و بەرشلۆنە و پاریس سان جێرمان هەریەک لای خۆیەوە لەهەوڵی ئەوەدان لە گواستنەوەکانی هاوینەدا یاریزانێکی لاوی یانەی تۆکیۆی ژاپۆنی رازی بکەن.
تاکیفۆسا کوبۆ کە لە حوزەیرانی داهاتوو تەمەنی دەبێتە 18ساڵ و هەر ئەو یاریزانەش بوو کاتی خۆی بووە هۆی سزادانی بەرشلۆنە لەلایەن یەکێتی تۆپی نێودەوڵەتییەوە، بەوەی کە لەگەڵ یارزیانێک گرێبەستی کردووە هێشتا تەمەنی یاسایی تەواو نەکردووە.
جارێکی تر بەرشلۆنە گرنگی خۆی بۆ ئەو یاریزانە نیشانداوە، بەڵام ئەمجارە بەتەنها نییە و لەولاوە هەریەک لەیانەکانی ریال مەدرید و پاریس سان جێرمانیش هاتوونەتە سەر خەت، بەڵام دەرفەتەکە زیاتر لەبەرشلۆنەوە نزیکە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی یانەی تۆکیۆ رایگەیاند کە ئەوان پابەندن بەو رێکەوتنەی پێشوویان لەگەڵ بەرشلۆنە کاتێک تاکیفۆسا تەمەنی دەبێتە 18ساڵ.
جیی باسە ئەو یاریزانە توانایەکی زۆر باشی لەناو یاریگادا هەیە، ئەگەرچی زۆر گۆڵ تۆمار ناکات، بەڵام لەدروستکردنی گۆڵدا وێنەی نییە و زیرەکانە و بەدروستی تۆپەکان دەگەیەنێتە گۆڵکارانی تیپەکەی.

ئیڤان خالید یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر بۆ خەبات:

بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی خولی نایابی کوردستان دەجەنگین



ئیڤان خالید یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر و یاریزانی ئێستای پێشمەرگەی هەولێر، لەوەتەی چۆتە نێو دونیای وەرزش ئاستێکی بەرز لەنێو یاریگاکان لەهێڵی بەرگری پێشکەش دەکات، لەم کاتەدا ئەم یاریزانە بەشێوەیەکی ئاست بەرز لەریزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر یاری دەکات و سەرەتای دەستپێکی لەتازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێر بووە و پاشان چۆتە ریزی تیپی لاوانی کوردستان و عێراق، ئیڤان خالید لەساڵی 2005دا ڕووی کردۆتە یانەی هەولێر و نزیکەی 12ساڵ لەم یانەیە یاری کردووە و پاشان دوا وێستگەی ئەو یاریزانە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بووە و تاوەکو ئێستایش لەگەڵ ئەو یانەیە بەشێوەیەکی کارا و چالاک بەردەوامە، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات ئەو یاریزانەی بەسەر کردەوە.

هەر لەبارەی ئاست و ئەنجامی یانەکەیان لەخولی نایابی کوردستان ئیڤان خالید بۆ ئەم پرسەیش گوتی: سوپاس بۆ خودا تیپەکەی ئێمە لەهەموو ڕوویەکەوە تارادەیەک زۆر لەئاستێکی بەرزدایە بەهیمەتی هەموولایەک ،خۆشبەختانە هیچ کەموکوڕییەکمان نییە لەنێو یانەکەمان کەشایەنی باسکردن بێت، بێگومان دەستەی کارگێری و ڕاهێنەر و یاریزانان هەمووان بۆ پێشخستنی ئاستی یانەکە بەیەکەوە هاوکاری یەکتربووین ، بێگومان لەخولی کوردستان کار لەسەر ئەوە دەکەین چۆن بتوانین ئەم وەرزە نازناوی خولی نایابی کوردستان دەستەبەر بکەین و بۆ بەدەستهینانی پلەی یەکەمی خولی نایابی کوردستان هەمیشە تادواستەکانی خولەکە دەجەنگین.
ئەو یاریزانە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی: نابێت ڕۆڵی ڕاهێنەر سەمیر بابۆ هیچ کات لەیاد بکەین چونکە ناوبراو وەک ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو و لێهاتوو لەگەڵ تیپەکە هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە هیوامان بەو ڕاهێنەرە زۆرە کە هەمیشە جگە لەپێشکەش کردنی ئەنجامی باش و ڕاهێنانێکی سەرکەوتوو هیچی تری لێ بەدی ناکرێت.
هەر لەبارەی خۆشترین یاری وناخۆشترین یاری کەئیڤان خالید ئەنجامی داوە ناوبراو بۆ ئەمەیش قسەی خۆی هەبوو: خۆشترین یاری لەخولی نایابی عێراق بەرانبەر یانەی زەورا بوو کە ئەنجامی یاریەکە بەگۆڵێک یەکسانبووین و ئەو کات باشترین یاریان کرد، ناخۆشترین یاریشمان ئەو بەرامبەر مەریخی سودانی بوو کەئەو کات لەیانەی نەوتی ناوەڕاست یاریم دەکرد و ئەنجامی یاریەکەش بە ئەنجامی 1-2دۆڕاند.
سەبارەت بەئاستی یانەکانی خولی نایابی کوردستان ئەو یاریزانە زۆر سەرسامی ئاستی یانەی نەورۆزە و ئەو بۆ ئەم مەبەستەش گوتی : بێگومان لەخولی نایابی کوردستان زۆر سەرسامی ئاستی یانەی وەرزشی نەورۆز بووم، هەر لەدەستپێکی خولەکەدا تاوەکو ئێستا ئەو تیپە بەئاستێکی بەرز دەرکەوت و تائێستایش بەشێوەیەکی باش سەرجەم یاریەکان ئەنجام دەدات.
دوای کۆتایی هاتنی وەرزی خولی نایابی کوردستان ئیڤان خالید بەنیازی کام یانەیە کە یاری بۆ بکات، ئەو بۆ ئەم وەڵامەیش ڕاشکاوانە گوتی: تائەم کاتە هیچ بڕیارێکم نەداوە بۆ ئەم مەبەستە ، بەڵام بەنیازم بۆ وەرزی داهاتوو یاری لەیانەیەکی خولی پلەی یەکی عێراق یاری بکەم .
هەر لەبارەی ئەو یانانەی کەپلەی یەکەم و دووەمی خولی کوردستان بەدەست دەهێنن ئیڤان خالید پێشنیارێکی گرینگی بۆ ئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان هەیە و ئەو لەمبارەیەوە گوتی : واباشترە سالانە ئەو یانەیەی کە پلەی یەکەم و دووەمی خولی نایابی کوردستان بەدەست دەهێنێت ، حەقوایە بەبریاری یەکێتی ناوەندی کوردستان بەشداری لەپاڵەوانیەتی تۆپی پێی هەرێمەکان بکەن، ئەم هەڵوێستە دەبێتە پاڵنەرێک کەیانەکان سالانە بەگوڕو تینیەوە یارییەکان ئەنجام بدەن.
دواجار ئیڤان خالید لەدرێژەی قسەکانیدا هیمای بۆ تەورێکی گرینگ کرد و ئەو لەمبارەیەوە گوتی: هەموو کەس شانازی بەوە دەکات لەیانەی هەولێر یاری بکات، منیش یەکێک بووم لەو یاریزانانەی کەهەمیشە خۆشحاڵ بوو کەماوەیەکی زۆر لەم یانەیە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mun, 15. Apr. 2019 No: (5730)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


بستێک خاک نییە لەم کوردستانە ڕەنگینە خوێنی ڕۆڵەی کوردی تێدا نەڕژابێت

دیمەنێکی بەهاری 2019ی ناوچەی دەربەندیخان

فۆتۆ: مامۆستا خالید عەلی



یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەینووسێت

ترسی لافاو و هەورە تریشقە بەس نەبوو، وا ترسێکی دیکەش هاتە پاڵ، ئاژانسی ئاسمان ناسی ئەمەریکا(ناسا) ڕایگەیاند کە کلک داری(ئێوا ئامۆتۆ) ناسراو بە (کلکدارە سەوزەکە) وا لە زەوی نزیک بۆتەوە، هەر 45 ملیۆن کم ماوە بمان گاتێ، ئەو کلکدارە بەر 1317ساڵ جارێکی دیکە بە نزیک زەویدا تێپەڕێوە و هیچ زیانێکی نەبووە.

زاناکان، دەڵێن ئەو نزیکبوونەوەیە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر زەویەوە نیە، تەنیا سڵاوێکمان لێ دەکات و تا ساڵی 3390نایەتەوە، بەڵام هەندێکیان لەو بڕوایەدان کە گەمە لەگەڵ ڕووداوی سروشتی ناکرێت و زۆرجار هاوکێشەکە قڵپ دەبێتەوە.

کێ لەو باوەڕەدا بوو، ئەو شەپۆڵەی کە بەم دواییە ڕووی لە هەرێمەکەمان کرد، ئەوها درێژ ببێتەوە و ئەم هەمرو بارانەی بەدواوە دەبێت، پێشینان گووتوویانە:.

(ئازار ناڕوا بەبێ درۆ ـ نیسان ناڕوا بەبێ جۆ)

کەچی ئێستا وا لەمانگی نیسان داین و خەریکە لەبەر سەرما ڕەق ببینەوە، ئەو هەورانەی ئێستا بەری ئاسمان دەگرن، تا بڵێی گرژ و مۆن و بە هەراو هۆریان، کەشناسیش واقی وڕماوە و زۆر جار پێشبینەکانی ڕاست دەرناچن.

هەر چۆنێک بێت، با بزانین چارەنووسی ئەو شەپۆڵەی کە ڕووی تێکردووین بەرەو کوێمان دەبات، مالّ بۆخۆی نەبوو میوانیشی هاتە سەر، خوا بکات زوو کۆتایی بێت و بەهارێکی تەڕ و جوان ببینین، زەردە لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە.

شانۆگەرییەکی دەگمەن لە بەسرە نمایش کرا



خەبات سەربەست بڕۆ – فاتمە قاسم حەبیب

لە هۆڵی کۆشکی ڕۆشنبیری بەسرە بە ئامادەبونی ڕۆشنبیرانی شارەکە و چەندین پسپۆڕی جیهانی شانۆ کە لە وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و هاتبون شانۆگەرییەکیان لە شێوەی ڕاهێنان بۆ قوتابیانی کۆڵێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەسرە نمایش کرد ، شانۆگەریەکە ئاواز لێدان بوو لەسەر بەرمیلە کۆن و ئاسن ، وەک بەسراوییەکان وتیان داهێنانێکی هونەری نوێیە کە لە مێژووی بەسرە دا یەکەمجارە ئاواز بەم شێوە جوانە و لەسەر ئاسنی شڕ لێ بدرێت.

لەبەر ئەمانە ناوکە کولەکە بخۆن

ناوکی کولەکە یەکێکە لەوخۆراکە بەسوودانەی گرنگە لێی دانەبڕێیت، چوونکە بەهایەکی بەرزی خۆراکی هەیەو چەندین سوودی تەندروستی هەیە، گۆڤاری تەندروستی دکتۆر سەلام کەبەزمانی فارسی بلاّ و دەبێتەوە ئاماژەی بەچەند سوودێکی گرنگی ناوکە کولەکە داوە

تەندروستی دڵ: نیو کوپ لەتۆزی کولەکە، نیوەی ئەو بڕە مەگنیسیۆمەی تێدایە کە ڕۆژانەپێویستە مرۆڤ بیخوات ودەبێتەهۆی بەهێزکردنی دڵو کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن و ڕێگریکردن لەوەستانی کتوپڕو جەڵتەی دڵو مێشک.

پرۆستات:تۆزی کولەکە گرنگە بۆ پیاوان، پارێزگاری لەتەندروستی پرۆستات دەکات و لەهەڵاوسان دەپارێزێت بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری: ناوکی کولەکە یارمەتی ڕێکخستنی کۆئەندامی بەرگری دەدات مەترسی هەوکردنەکان کەمدەکاتەوەلەنەخۆشیەکانی ئەنفلۆنزا وخەمۆکی دەپارێزێت **نەخۆشی شەکرە**:

تۆزی کولەکە یارمەتی ڕێکخستنی ئەنسۆلین دەدات و ڕێگری لەکاردانەوەکانی شەکرە دەکات

کرمی ناوسک: ناوکە کولەکە بۆلەناوبردنی کرمی ناوسک زۆربەسوودە دەتوانی بەکاڵی لەخورێنی بیخۆیت یان بەبڕژاوی.

لە فارسیەوە: وریشە عومەر



دڕامای یوسف ناگەڕێیتەوە بەرهەم دێت

لوقمان غەریب: چیرۆکی دڕاماکە بەسەرهاتێکی کۆمەڵایەتی سەرنج ڕاکێشە لە نێوان زەمەنی کۆن و ئێستادا ڕووئەدات

بەرهەم شێخ عزەدین

ناوەندی GAV KURD ART) گاش) بۆ کاری تەلەفزیۆنیی و سینەمایی کوردی لە سلێمانی ، بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای سکای ئارت و بابیلۆن میدیا ، ماوەی سێ مانگە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دڕامایەکی تەلەفزیۆنین بە ناوی (یوسف ناگەڕێتەوە) . دڕاماکە لە سیناریۆ و دەهێنانی (لوقمان غەریب) و تیایدا ژمارەیەکی دیار لە هونەرمەندای شارەکانی (هەولێر ، سلێمانی ، کەرکوک ، گەرمیان ، هەڵەبجە و هەورامان و قەڵادزێ) بەشداریی دەکەن . لەوانە (مستەفا ئەحمەد ، عەلی کەریم ، فەیسەل محەحەد ، علی ئەحمەد ، زاهیر عەبدوللا ، سەربەست ئەحمەد ، کەمال چالاک ، سازگار فواد ، شۆرش قادر ، شاناز جەمال ، بەهادین هەڵەبجەیی ، عوسمان مەعروف ، ئیلیان هەورامی) لەگەڵ چەندین ئەکتەری ناودار و ناسراوی تر . لوقمان غەریبی دەرهێنەر دەربارەی ناوەڕۆکی درامەکە بەخەباتی گوت: چیرۆکی دڕاماکە بەسەرهاتێکی کۆمەڵایەتی سەرنج ڕاکێشە کەلە نێوان دوو زەمەنی کۆن و ئێستادا ڕووئەدات و لە دووتوێی (15 ئەڵقەدا) بەشێوەیەکی ڕەخنە ئامێزانە تیشک ئەخاتە سەر چەندین بابەتی جۆراوجۆری ناو کۆمەڵگا بەگشتی . ڕووداوەکانی ئەم درامایە بە دەوری کەسایەتی یوسفدا دەسوڕێتەوە کە وێڵە بە دوای بەدەستهێنانی شوناس و ناسنامەی خۆیدا ، دڕاماکە ئێستا لە دوا ڕۆژەکانی قۆناغی وێنەگرتندایە و بڕیارە ڕۆژانی داهاتوو قوناغی مۆنتاژ و میکیاژ دەست پێبکات و لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا پێشکەش بکرێت .. بینەراوەکانی درامای (یوسف ناگەڕێتەوە) لە ناوشاری سلێمانی و ئاوایەکانی گلەزەردە و عەواڵ و دوکانیان وێنەگیراوە.





